خوێندەوارییەکی کوردانە
پەروەردەیەکی سۆشیالیستانە




# خوێندکاری کورد

ئۆرگانی خوێندکارانی سۆشیالیستی کورده
لەئەوروپا

ژمارە ـ ٢ ـ «مارتی ١٩٨٣»

خستنە سەر نێت: چالاک
chalakmuhamad@gmail.com



# سەرووتار

## لەپێناوی بەرەیەکی یەکگرتووی هاوسانی خوێندکارانەی کوردانەدا

ئەوەی لای هەموان روون و ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەورۆ بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە سەرتاسەری کوردستانی مەزن دا لە بارو دۆخێکی ئاڵۆز و ناسکدایە و دووچاری مەترسی یەکی ناقۆلا کراوە. داگیرکەرانی کوردستان و بەکرێ گیراوانی ناوخۆ و ناوچەکە بە سەرۆکایەتی ئیمپریالیزمی جیهانی هەڕەشە لە بوون و چارەنووسی نەتەوەی کورد دەکەن، هەمیشە لە پیلان گێڕان دان بۆ کپ کردنی دەنگی زوڵاڵ و رەوای مرۆڤی چەوساوە و شۆڕشگێڕی کورد، بە بەربێ گرتنی راستەوخۆ و پەرت و بڵاوکردنەوە و لێک دابڕینی هێزە شۆڕشگێڕەکانی بە ئامانجی لەنێوبردن و زاڵ بوون بە سەر شۆڕشە مەزنە چەکدارانەکەیدا.

بۆ ئەم مەبەستە گڵاوە بە صەدان چڵکاوخۆر و بەکرێ گیراو دەترنجێننە نێو ریزەکانی شۆڕش و پێشمەرگە و رێکخراوەکانی هەندەرانەوە بۆ چاندنی تۆوی چەندبەرەکی و گومان و بێ بڕوایی و نائومێدی لە دڵ و دەروون و مێشکی شۆڕشگێڕاندا. تەنانەت هەندێ دەستە و لا ئەو پیلانانە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە ئەنجام دەگەیەنن، کە دواکات تەنها و تەنهار بە خزمەتی داگیرکەران و کۆنەپەرستان و ئیمپریالیزمی جیهانی تەوا و دەبێت و لە ئەسرین و خوێن رشتنێکی زۆر و ناڕەوا زێدەتر چیدی بۆ نەتەوەکەمان لێ شین نابێتەوە. کارەساتە

جەرگ بڕەکانی سـاڵانی شەصت وشەش بە دواوە تاڵترین نموونەی ئـەو کەللە شـەقی و سـواربوونی هەوەسـەیە کە لاپەڕەیەکی دژوێنی لە مێژووی نوێی نەتەوەکەمان دا نەخشـاندووە .

شـاراوەش نی یە سـەرکەوتنی هەر دەسـتـە و کۆڕ و کۆمەڵ و تاقمێـک تا دەگاتە نەتەوەیەکیش لە هەر شـوێنیکی ئەم زەمینەدا بێت پێوەندی یەکی توند و تۆڵی هەیە و جووت بەندە بە چەندایەتی و چۆنیەتی یەکگرتن و یەکێتی و هاوسـانی و برایەتی و ڕێزگرتنی بەرانبەری ی ئەندامانی ئەو کۆڕ وکۆمەڵ و نەتەوەیەوە و بوونی جەوێکی دیموکراسیانە و بوڕبوڕێنێکی هێمنانەی گونجا و بە ڕاگەیاندنی بیرو ڕای خزمەت گوزارانە و ڕێگەدان بە رەخنەی دروست کەر چ لە کاری رۆژانەدا و چ لە بڵاوکردنەوە و نووسـین دا ، تا ئەو پێوەندیە بە هێز و پتە و تربێت ئەوا هیچ درزێك نامێنێتەوە تا دوژمن سـەری داوی پیلانەکانی پێدا تێپەڕێنێت ، بە پێچەوانشـەوە تا ئەو پێوەندی یە بێ هێز و لاواز بێت ئەوا لانکەیەکی چاك و لەبار بۆ ئاژاوە و دوویەرەکی نانەوە دێتە گۆڕێ کە بە سـەرکەوتنی دوژمنان و داگیرکەران و نووچ دانی گەل دوایی پێ دێت .

مێژووی گەلانی جیهان نموونەی زۆر دەوڵەمەندی لەو بارەوە نیشـان داوە ، خۆ مێژووی کۆن و نوێ ی گەلی کورد نموونەی هێند زەق پێشـان دەدات کە لە چاوی کوێریش دەچەقن ، چ جای چاوی تیژ و دووربین ئاسـایی سـیاسەت مەدارانی کورد !!!

دوژمنانی کورد بە جوداوازی هەموو بیر و بەرژەوەندی و پابەندی یەکی خۆیانەوە هەر تینە کوردیان بۆ هاتبێت هەموو ناکۆکی یەکی خۆیان وەلاناوە و لە پێناوی قەوارەی لەرزیوی خۆیاندا دەستی گلاویان لە دەسـتی یەکدی ناوە ،

کەچی سیاسەتمەدارانی کورد تەنها بۆ جارێك ناتوانن بە سەر ئەهریمەنی دەروونی نەخۆشیاندا زاڵ بن و وەك لە کورد کوژیدا چاو لە دوژمنەکانیان دەکەن لە مەترسی خۆ قوتارکردنیشدا چاویان لێ بکەن و نەتەوەکەیان لە گەورەترین مەترسی رزگارکەن !!!

جرت و فرت و هاشەو و پەیمان مۆرکردن و بە شان و باڵی یەکدی هەڵدانی هەردوو رژێمە رەگەزپەرستە خۆفرۆشە داگیرکەرەکەی عیراق و تورکیا داوە تیشکێکی رۆشن لەو پیلانانە پێش چاو دەخەن ، کۆتایی پێهێنانی شەڕی نێوان دوو دوژمنە گێلەکەی ئێران و عیراقیش لە هەر رۆژێکدا روویدات ئەوا چاومان بە ژیری و پیتۆلی سیاسەتمەدارانی کورد رۆشن دەکاتەوە !!!

کەواتە مەترسی زۆر لە ئارادا هەن و ئێمەش تا ئێستا پلانێکی وامان دانەناوە کە بەر بەو پیلانانە بگرێت و یا هیچنەبێت لە فشاری کەم کاتەوە . ئەم ئەرکە پیرۆزە بە پلەی یەکەم دەکەوێتە سەر لاوانی خوێندەوار و رۆشنبیری کورد چ لەناوە وە و چ لە دەرەوەی وڵات کە چیدی دوای دەنگی ناسازی کورد کوژان نەکەون و هۆش بەبەر خۆدا بهێننەوە و لە خۆ بپرسن ئەم نەهامەتی و سەرلێ شێواوییە بۆ و لە پێناوی چی دا ؟

کەواتە با هەرکەس لە خۆمانەوە دەست پێ بکەین و ئەوجاش لە کۆڕ و کۆمەڵەکانەوە بە بەخۆداچوونەوە و سوود وەرگرتن لە هەڵەکانی رابوردوومان و خۆلادان لە صەد بار کردنەوەیان ، شی کردنەوەی ئەو بارە نا هەموارەی نەتەوەکەمانی پێدا تێ دەپەڕێ و دۆزینەوەی ماکە کوشندەکانی ، سوود وەرگرتن لە خەرمانی مێژووی گەلانی جیهانی چەوساوە و رزگاربوو .

بێ گومان ئەو کاتە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە تاکە رێگای هەمواری سەرکەوتن

لە دەستی خۆماندایەو ئەویش بە یەکگرتن و هاوکاری وتەبایی ریزەکانی خۆمان دێتە بەرهەم . با هەموو هاوبیران و هەڤاڵان و هاوڕێیان بەئاوی پاکژی کوردایەتی دڵ و دەروونی گەرد لێ نیشتوومان بشۆرین و دەستی دڵسۆزی و برایەتی و ڕێنمایی بۆ یەکدی درێژکەین و بەشێک لە چەوساوەترین مرۆڤی ئەم سەر زەمینە لەم گیانەڵلایەی سەدەی بیستەمەدا رزگارکەین .

لەم بێ و دانگەوە ئێمەی خوێندکارانی کورد لە هەندەران لە هەرکوێ هەین و سەر بە هەر بیرو ڕێبازێکین دەبێ باوەشی میهر و وەفاو دڵسۆزی بۆ یەکدی ئاوەڵەکەین و ڕێگەی یەکێتی و یەکگرتنی سەراپایی فەراهەم کەین ، ئەوەی دژی ئەم جۆرە بیروهەڵوێستانەش بێت ئەوە بەکرێ گیراوی داگیرکەرە و دەبێت ریسوا کرێت .

خوێندکارانی هەمووتەتەوەیەکی چەوساوە و بێ ئاڵا بە گشتی و نەتەوەی کورد بە تایبەتی ئەرکێکی زۆر مەزن و پیرۆزیان لە سەرشانە، ئەو ئەرکەش مەبەستی چاوەڕوان کراو بێ یەکدەنگی یەکی سەراپایی بە دەستەوە نادات . کەواتە پێویستە ڕۆڵێکی گرنگتر بگێڕین بۆ ناساندنی نەتەوەکەمان بە جیهانی بێ ئاگا لە ئاستی یەکێ لە هەرە کێشە ڕەواکانی ئەم سەردەمە لەبەر ئەوەی کورد قەوارەیەکی سەربەخۆی نی یە دەبێ خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی وولاتدا رۆڵی ( سەفارەت) ێکی کوردی ببینن ، هەموو هەل و بۆنەیەک بقۆزنەوە بۆ ناساندنی کورد و کێشە ڕەواکەی بە میللەتانی دونیا بۆ ناساندنی شۆڕشی کورد و ئامانجەکانی و باری ناهەمواری نەتەوە و درندایەتی داگیرکەران و لە قاودانی سیاسەتی تواندنەوە و بە ( عەرەب و تورک و فارس) کردنی کورد و ڕاگوێزانی دانیشتوانی کوردستان وەک لە

پێشین دا ڕەگەزپەرستە تورکەکان پێ ی هەڵستاون و ئێستاکە لە عێراق و ئێران دا پەیڕەوی دەکرێت . پێوەندی کردن بە ڕێکخراوە خێرخوازو سیاسی و پێشکەوتووەکانی جیهانەوە بۆ پەیداکردنی کۆمەکی ماددی و مەعنەوی لەنەتەوەکەمان ، تا بە هەوڵ و تەقەلای هەموو لایەك شۆڕشەکەمان لەو ئاستە تەسك و کپ و کەم دەنگی یەوە بگوێزینەوە بۆ قۆناغێکی نوێ و پێشکەوتووتر و کێشەی کورد و شۆڕشەکەی ببێتە کێشەیەکی نێودەوڵەتی و نێو نەتەوەیی هەروەکو کێشەی ڕەوای فەلەستین و باسك و ئیرەلەندا و ئەنگۆلا و هەموو گەلانی ڕاپەڕیوی شۆڕشگێڕی دونیا لە پێناوی ئازادی و سەربەستی و ڕزگاری و یەکگرتنەوەدا .

هەرکات توانیمان ئەو ئەرکانە وەکی پێویست جێ بە جێ بکەین ، ئەو کاتە میللەتان و ڕێکخراوە جیهانی یەکان بە چاوێکی دی یەوە دەڕواننە کێشەی کورد و شۆڕشەکەی دەنا ئێستا سەری خۆیان بە کێشەیەکی جەنجاڵی نەتەوەیەکی چوار پێنج پارچەکراوی لەناوخۆدا ناتەبای دەپارچە وە خەریك ناکەن ، یا خەریکیشیان کرد بە کێ باوەڕ بکەن و یارمەتی کێ بدەن و بەرەنگاری ی کێ بکەن !!!؟

سەرکەوتن بۆ هەوڵ و تەقەلا و تێکۆشانی یەکێتی و برایەتی .

بژی خەباتی نەتەوەی کورد لە پێناوی ئازادی و سەربەستیدا .

سەربەرزی و نەمری بۆ هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان .

مردن و سەرشۆڕی بۆ داگیرکەران و بەکرێ گیراوانی ناوخۆ .

(( دەستەی نووسەران ))

# دزێوکەری وشە

دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان هەمیشە لە هەوڵی بەردەوام دا بوون هەن بۆ لەکەدار کردن و شێواندنی ناوو شۆرەتی کورد و دزێوکردنی لە پێش چاوی بێگانان ، تاکس بایەخ بە کێشەکەمان نەدات و ئەوانیش چۆن خۆیان گەرەکیانە وا سەرکوتمان کەن . بۆمەبەستی گڵاویان توانای بێ شوماریان بەگەڕ خستووە و لە هیچ کردارێکی ناپەسەند دەستیان نە گێڕاوەتەوە . هێندە بە هەڵپە و پەلە و داخ لە دڵ بوون گەوجێتی زۆر سەیریان نواندووە ، تۆ بڕوانە ئەم کوردە سەرسەختە چەند رووی هەیە ، لە یەک کاتدا (( تورکە ، شۆڤێنی و رەگەزپەرستە ، فارسە ، قاچاغچی و بەنک کێشە ، عارەبە ، دواکەوتوو ئێلە ، دڕندەیە ، چەتەو جەردەیە ، پیاوکوژە ، بەکرێ گیراو داردەستی بێگانەیە ، جوداخوازە ، زایۆنیزمە ، کۆمۆنیستە ، موسڵمانی زۆر دەمارگیرە ، بێچوە شەیتان و فەرمەسۆنە . . . )) وەکو ئەم تۆمەت و بوختانە نارەوایانە پێکەوە بلکێن و بگونجێن و بشێن بکرێنە پێناسەی .

سەراپای ئەو نووسینانە بخوێنیتەوە کەلە گۆڤارو رۆژنامە و کتێبەکاندا لەسەر کورد نووسراون لات ئاشکرا دەبێت درۆی چەند عەنتیکە و سەمەرەیان لە سەر رەش کردووینەوە ، تێدەگەیت جۆرە کەسانێک چۆن ویژدانیان بە گیرفانیان فرۆشتووە و بە نارەوا دوژمنایەتیان کردووین . کوردی بێ چارەش خۆی توانا و دەستەڵات و مەودای ئەوەی نە بووە بێتە گۆ و پارێزگاری لە خۆی بکات ، تەنها ئاغایانی داگیرکەرمان دوان و بێگانەش گوێ بیستی ئەوان بوون .

هەواڵنامەی کتێب

خۆشبەختانە ئەم تۆمەتانە لەلایەن زۆر بێگانەی زانا و دانا و بە هۆش و ویژدانەوە رەت کراوەتەوە ، زۆر گەڕیدە و کوردناس ئەوەی بە چاوی خۆیان دیتویانە بێ لایەنانە تۆماریان کردووە بێ ئەوەی کورد دەستەڵاتی ئەوەی هەبێ ئارەزووی خۆیان بە سەردا بسەپێنێ و راستی یان بێ لنگە وقوچ بکاتەوە .

ئەمە چەند مەلۆیەکە لەو شارایانە کە لێرەدا پێش چاوی دەخەین ، لە ئالەمانی یەوە بۆمان کردوونە کوردی و لە کتێبی (( کوردستان و شۆڕشەکەی)) مامۆستا (( جەمال نەبەز)) گولبژێرمان کردووە ، کە لە ساڵی ١٩٧٢ دا ( یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ) چاپیان کردووە .

هەواڵنامەی کتێب

* * *

نەتەوەی کوردم زۆر لا پەسەندە ، نەتەوەیەکن زیر و لێ هاتوو ، ئەم گوتەیەم لە خۆوە ناڵێم بەڵکە لە زۆر سەرچاوە وە هەڵم گۆزیوە ، ئەم زیری یەیان بۆتە هۆی ئەوەی لەگەڵ هەموو دژواری یەکی باری جەنگی و ئابووری وجوگرافی دا هێشتا خۆ راگرن و خۆ بناسێنن ، ئەمە نیشانەی رێک و پێکی و همست کردنیانە بە لێ پرسینەوە .

ئیلۆن ئالبێک

ئەندامی سەرکردایەتی پارتی

سۆسیالیستی سویدی

رۆژنامەی ( التاخی ) ژمارە ٤٧٦

لە ١/٧/١٩٧٠ دا

بەشێکی زۆر لە سەرچاوە ڕۆژئاوایی یەکان کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەربارەی کورد نووسیویانە،کورد بە ( دزو جەردە ) نێودەبەن ، بەلام ئەم جۆرە نێو و ناتۆرانە بە هیچ جۆرێك لەگەڵ ڕاستی یدا یەکانگیر نابن.

نووسەری سۆڤیەتی ن.ئا. خالفین

(خەبات لە ڕێی کوردستان دا )

مۆسکۆ ١٩٦٣ لاپەڕە ٢٢

کورد نەتەوەیەکی زۆر وریان ، گەلەك جار لە خوێندا شەلال کراون بەلام سەرلەنوێ گورو تینیان پەیدا کردۆتەوە و بەهێزبوون ، چونکە دلێرن و باوەڕیان بەخۆیان بەهێزە .

بێرنارد کیمبرلی

(ڕۆژنامەی دێلی تەلەگراف ٥/٣/٩٦٦)

بەداخێکی زۆرەوە کوردستانم بەجێ هێشت ، نەتەوەی کوردم تارادەیەکی چاوەڕوان نەکراو بەچێترین نەتەوەکانی ڕۆژهەلات هاتە پێش چاو . گەلێکی دۆستم پەیدا کرد ، بەدڵ و گیان و سۆزێکی بێ سنوورەوە میواندار ی کرام ، یادگاری ئەو هەڵسوکەوتە کوردانەیە هەتا هەتایە لە یادم ناچێت .

زاناو دیپلۆماسی ی ئینگلیزی کلاودیس ج.ریچ

( گەشتێك بە کوردستاندا )

لەندەن ١٩٣٦–١٩٣٧ لاپەڕە ٣٢٦

هەواڵنامەی کتێب

بە شێوەیەکی گشــتی کوردەکان زیکەڵەن ، بە هێزن ، تێگەیشتوون ، مرۆڤی چاکن ، ئەگەر هەلی ژیاریان بۆ هەڵکەوتبا توانای پێشکەوتنیان لە دراوسێکانیان زۆر زێدەتر دەبوو .

هێنری بیندەر
بە کوردستان و میسۆپۆتامیا و
ئێراندا
پاریس ١٨٨٧ لاپەڕە ١١٠

ئەگەر کەســایەتی کورد هەڵبســەنگێنین ئەوەی لای ئەوروپاییەکان بەکاری چاکە نێودەبری ئەوا لە نێو کوردەکان دا شــتێکی خۆرسك و ئاســایی یە . وەفا ، پەیمان پەرستی ، ناسکی لە هەڵس وکەوتدا بەرامبەر ئافرەت ، هەست ناســکی و دۆســتایەتی شیعر و ئەدەب ، گیانی قوربانی دان و خۆشــەویستی خاك و نەتەوە لە ئاکارەکانی ئەم گەلەیە .

مێجەر ســۆن
گەشتێکی پەنهانی بە کوردستان و
میســۆپۆتا میادا
لەندەن ١٩١٢ لاپەڕە ٣٩٤

پیاو دەتوانێ بەمانای وشە کوردەکان بە شۆرەسوارانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاســت نێو بەرێت ، پەیمان نەشــکێن و میواندارێکی بێ وێنەن .

نوو سەری ئەرمەنی بەنێوبانگ ئابۆڤیان
لە کتێبی ( کوردەکان ) ی مینۆرسکی بەوە
پێتەرۆگراد ١٩١٥

کوردەکان بە ڕاستی سەربازی نەناسراون ! زۆر جار بە ناھەق بە خراپە باس دەکرێن . کورد دۆستی چاکن ، دڵپاکن ، بەخشندەو لێ بوردەن ، خێزانی خۆیان خۆش دەوێ ، وولاتەکەیان دەپەرستن ، زۆر بەنەتەوەکەیان دەنازن .

دوکتۆر شاکر خصباك

( کورد و مەسەلەی کورد )

بەغدا ١٩٥٩ لاپەڕە ٢

ھەموو ئەوانەی چوونەتە کوردستان و لەوێ ماونەتەوە گەواھی ئەوە دەدەن کە کوردەکان زۆر میوان دۆستن .

باسیل نیکیتین

( کوردەکان )

پاریس ١٩٥٦ لاپەڕە ٧٨

کە کوردەکانم دیت شتێکی دیکەم ھەست پێ کرد ، ھەستم کرد لەو کێژەنی ڕۆژھەڵاتەدا لە پڕ ڕووبەڕووی کەسانێك دەبمەوە کە بەتەواوی پشتیان پێ دەبەستری .

ڕۆژنامە نووسی ئاڵەمانی

ھۆرست بریونیك

( کوردستان چیدی دڕندە نیە

ڕۆژنامەی ( ئەلگێماینە تسایتونگ )

فرایبورگ ژمارە ١٢٣ ٢٩/٥/٦٣

وا بوونی مسـەلەی کورد ئینکاریش کرا ، خۆ کێشـەکە هەر بەردەوام دەبێت و دەمێنێ .

حەسـەن عارفە
سەرکردەی هێزە چەکدارەکانی ئێران
لە سـالی ١٩٤٤ دا
سەفیری ئێران لە تورکیا ٥٨-١٩٦١
( کوردەکان) لەندەن ٩٦٦ ل ٦٠

بەرهەلستی کردنی خەباتی کورد لە پێناوی ئازادیاندا لەم دووسەدەیەی دوایی دا بەو شێوە دڕندانەیە، بۆتە لاپەڕەیەکی دژوێن و لەکەدار لە مێژووی مرۆڤایەتی دا . زۆرکەرپدە و دۆستی کورد باوەڕیان بەوە هێناوە کە مەسـەلە (کێشـەی کەمە خەلکێکی کۆچەریی دواکەوتووی سـەرەتایی ) نیە ، بەلکە مەسەلە تێکۆشـانی نەتەوەیەکە لە پێناوی بوون و مانەوەیان دا .

ڕۆژنامەنووس و دەروون ناسی ئایزلەندی
ئێرلیندەر هارالد سـۆن
( کوردستان ، خاکێك لە ڕاپەڕین دا
هامبورگ ١٩٦٦ لاپەرە ٢٨-٢٩

ئافرەتانی کورد ژیرن ، پێشـکەوتوون و هەولی ڕزگاربوونی خۆیان دەدەن لە زۆر کۆت و پێوەند ... باشترین نموونەن بۆ ئەوەی ئافرەتانی وولاتەکەم چاویان لێ بکەن . ئاواتمە ئافرەتانی عارەب بەلای کەمەوە بەشـێك لەو سـەربەستی یەی ئافرەتانی کورد بکەن .

ئەکتەری عارەبی خاتوو زەینەب
ڕۆژنامەی "النور" ٢١٨ بەغدا ٩/٦/٦

ئەو بێگانانەی بە کوردستاندا گەڕاون لەو باوەڕەدان کە نەتەوەی کورد لەگەڵ ئەو کەللە رەقیە یان دا زۆر بیر ووردو بە توانان ، زۆربەیان نیشانەی ئەوەیان لێ دیارە کە زیرەکی یەکی خۆرسکانە و توانای شی کردنەوە و تێگەیشتنێکی خێرایان هەیە .

مارتین هارتمان

پێنج راپۆرت دەربارەی ئیسلام

لایپزیک ١٩١٢

لەگەڵ ئەوەدا کە کوردەکان شەڕانی و خۆبەدەستەوە نەدەرن ، بەلام دەتوانن بە ئاشتی و هێمنی لەگەڵ کەمە نەتەوەیی و ئاینی یەکانی هاوولاتی یان دا هەڵ بکەن . ئێمە دەتوانین گەواهی ئەوە بدەین کە کوردەکان لە هەموو نەتەوە موسلمانەکانی دیکە چێتر لەگەڵ دیانەکاندا رەفتار دەکەن .

لە راپۆرتێکی ( عصبة الامم ) دا

دەربارەی باری عیراق ١٩٢٤

کورد کوردی خۆش دەوێ ، کوردستانی خۆش دەوێ ، مرۆڤی چاوگەشن ، بە هۆشن ، کەللە رەق و بە هێزن .

ک . ی . میولەر

( لە رۆژهەلاتی داغ بوودا )

شتوتگارت ١٩٥٩ لاپەرە ١٠٩

سەربازێکی لاوی پۆلۆنی کە کارەساتەکانی جەنگ کەیاندبویە عیراق پێی کوتم لە نێو هەموو کەلەکانی رۆژهەلاتدا کە ئەو دیتوونی کوردی لە هەمویان بێ چێتره . من پێ لەسەر ئەوە داناکرم بزانم هۆکەی چی یە ، چونکە پێم وایە ئەم قسەیە لە بێ تەجروبەییەوە نەکات .

رۆژهەلاتناس و زانای لاهووت و
دەروون ناسی فەرەنسی
تۆماس بۆیس ١٩٤٧

راستی ، کراوەیی ، جەنگاوەری و ژیری کرنکترین نیشانەی کوردە ، لەگەل ئەوەشدا کە موسلمانن بەلام ئافرەت لای ئەمان پلە وپایەو سەربەستی یەکی زۆر زیدەتری هەیە وەك لای گەلانی دەوروپشتیان .

پرۆفیسور و جوگرافی ناسی ئالەمانی
دوکتۆر فۆخلەر هاوکە
( کوردەکان ، نەتەوەیەکی بێ دەولەت)
١٩٦٦

کوردەکان میوان دۆستێکی بێ هاوتان ، هەر بۆ ئوتێل کەرایت داوەتی مالەوەت دەکەن . چەندە لە دوژمنایەتی دا خەتەرناکن هێندە لە دۆستایەتی دا کەم وێنەن .

خاتوو هێلکا کلامەر
( کوردەکان لە تەفکردندا خێراترن وەك لە ئاوخواردنەوەدا)
گۆڤاری (٧ رۆژە) ژ. ٣٦ — ٧٠

# لە یادی شێرەکەی بێشەی "بێشێ" دا هاوبیر کاکە : حەمە شەوق



مردی بۆ ئەوەی کورد بژی و سەربەست بێ ..
کوردستانی یەک گرتوو بێ نەوەک ژێردەست بێ

لە ســـــالی ١٩٥٣ دا لە شـــــارۆچکەی "هەڵەبجە"ی دوژمن بەزێن دا کۆرپەیەك کەوتە کۆشـــی خەمە قووڵەکەی کوردەوارییەوە . داك و بـــابێکی نەداراو نەخوێندەوار تروسکەی شــــادی لە دڵیاندا هەڵایســــا و چاوی ئاواتیان بڕییە کرۆزە و خەندەی شـــیرنی ئەو کۆرپەیە . وەکی هەموو منداڵێکی هەژار و بێ نازپەروەردەی کورد ٧/١ بەرۆژی لە دایك بوونی تۆمار کرا . کەسێك بیبیری بۆ وەی نە دەچوو کۆرپەی ژیکەڵەی ئەو رۆژە ببێتە پاڵەوانی داستانی دوا رۆژ و ئەفسانەی ســــنووره دەستکردەکەی دوژمن بەخوێنی گەشی بسڕێتەوە و چەپکێ لە گوڵاڵە سوورەکەی نێو شیعری "ئەحمەد موختار" بە خوێنی خۆی پاراو بکات ، تا شەنگە بێری چەلەنگ و شۆخ و شەنگی دەوری "بـانـە" ، کارمامزەکانی "ســە قز" ، کیژانی چاو بەلەکی "ســە ردەشــت" لە جێژنی ســەرفرازییدا بۆ کوڵی ســـوور نەچنە

گەڕی شـــابی وگوڤەند ..

کۆیە بە شیبری کوردایەتی فرچك درا ، چاوی پشـــکووت ، دیدە گەشەکانی بە کێوە سەرکەشەکانی شنروێ و بەمۆ و زمناکۆ دا هەڵهێنا ، روانی یە هەردەی دوجەیل و رێ گوزاری شەم و قەڵبەزە و تافە تافی سەرچاوەکەی زەڵم ، شیعر ـ ەکانی وەلی دێوانە و ئەحمەد موختار و گۆران ، ئاوازە پڕ سۆزەکانی ( ئا ما ن لـە ر زانە ) و ( کنالەیل ) و ( سیاچەمانە ) ی شەوانی "باغی پا شـا " چەشـە و ئیلهامی ئەدەب و هونەریان لە دەروونیدا چاند و مەڵاشوبان بە خۆشـەویستی ئەو خاك و خۆڵە هەڵهێنایەوە .

ســـا وا بێ ڕەوکە بوو ، کەوتە سەرپێ ، هەراش بوو ، خرایە بەرخوێندن ، هەر بەومندالّی یە بلیمەتی و بەهرەیەکی بە توانا لە روخساری پاکیزەیدا بەدی دەکرا ، پلەی سەرەتایی لەو شارە زامدارەدا کۆتایی پێ هێنا ، بۆخوێندنی ناوەندی و ئامادەیی رووی لە شارە نەبەزەکەی "سلێمانی "کرد، تا تواناولێ هاتووبی خۆی تەواو تیف تیفە بدات . ســـالی ١٩٦٩ وەکی زۆربەی لاوە بە هۆش و گۆشەکانی هاوتەمەنی دەرد و ئازاری چەوساندنەوەی نەتەوەکەی بە جەستەی دا دەچزا و بە ڕوونی هەستی پێ دەکرد ، خولیای چارەسەر دۆزینەوە لە دەروونیدا گێنگڵی دەدا ، چارەی دۆزیەوە و ڕێگەی پیرۆزی کوردایەتی گرتە بەر ، بووە یەکێك لە ئەندامە چوست و چالاکەکانی ( یەکێتی قوتابیانی کوردستان ) ، بەڵام دیتی ئەمە بۆ ئەو تراویلکەیە و ئامەزرۆی دەروونی پڕ لە جۆشی کوردانەی ناشکێنێ و دەبێ ڕێگەی کوردایەتی راستەقینە وەدۆزێ ، ساڵێك دواتر ئاواتەکەی هاتە دی و بانگی ( کاژیك ) ی بە گوێدا درا ، هەر ئەوساڵە بە پلەی یەکەم قوتابخانەی ئامادەیی تەوا و کرد و لە کۆلێژی ( ئابووری ) زانستگەی بەغدا وەرگیرا ، بەڵام ئەوی

ئەویندارى سەوداسەرى بيير و ڕێبازى پيرۆزى كوردايەتى دڵنيابوو لەوەى ؛

تەنها هەر لەئاستى چەكا
داگيركەر ملى كەچ ئەكا
تەنها لەلوولەى تفەنگا
ئازادى چاوى هەڵدێنێ
هەق بانگ ئەدا
خوێن بولبولە و بۆى ئەخوێنێ

بۆيە ڕێگەى كۆلێژى سەربازى گرتەبەر و بڕيارى دا ببێتە سەربازى نادیارى باوەڕى كوردايەتى و ئاندوا تربە لە پێناوى ئاواتى خۆى و مليۆنەهاى وەك خۆى دا مەتەرێزى شەرەف چۆڵ نەكات .

لە كۆلێژى سەربازى دا يەكێك بوو لەو كادێرە هەڵكەوتووانەى چەندەها ئەفسەرى پاشەڕۆژى بە بييرى كوردايەتى راستەقينە ئاشنا كرد و بێ پەروا لە تێكۆشان و خەبات دا بوو .

كۆتايى ساڵى ٩٧٢ كۆلێژى سەربازى تەواو كردوو بووە ئەفسەر ، بەلام هەمووجار دەيگوت:( لام نەنگە ئەستێرە و روتبە و نيشانى سوپاى داگيركەرەكەم بەسەرشانەوە بێت !) . بۆيە بە زۆرى خۆى لە ساڵى ٩٧٣ دا چووە ريزى شۆڕشەوە و ئەو ئاواتەشى هاتەدى .

سەرەتا نێردرايە ناوچەى بادينان ، دواى ماوەيەك كرايە فەرماندەى هێزە تۆپ وەشێنەكانى ( دۆڵى ڕەواندز) ، سەنگەر نەما لە "سەرتيز" و "گەروى هۆمەرئاغا" و "سەرى حەسەن بەگ" و "گەرووى بێ شێ" دا ئەو مەردە نەناسێ و

شەوانە دوای بیرازکردنی دوژمن لەبەر تریفەی زیوینی مانگە شەوی دا شیعری شۆڕشگێڕانە نەهۆنیێتەوە و لە ( ئێستگەی دەنگی کوردستان ) ەوە گیانی هەزاران ڕێبواری ڕێگەی کوردایەتی پێ نەهێنیێتە هەژان ! داستانی قارەمانێتی و بەرەنگاریشی بەرامبەر دوژمن گەیشت بووە پلەیەك كە پێشمەرگەکانی ئەو ناوچەیە نازناوی" هەڵۆی بێ شێ " ی لێ بنێن .

کوردایەتی لای هاوبیری شەهیدمان خۆراکێکی روحی بوو ، ترس و سڵەمینەوە پەیبیان بە دڵە مەزنەکەی نەدەبرد ، هەموو ژیانی خەباتێکی بێ پسانەوە بوو .

دوای هەرەسە شوومەکەی ٩٧٥ رەوانەی خوارووی عیراق کرا ، دوو ســـاڵ لە ( مجر الكبير ) هێلرایەوە ، هەڕەشەو سیاسەتی تۆقاندنی دوژمنە داگیرکەرەکە بڕوایان لەق نەکرد و چۆکیان پێ دانەدا ، بۆیە هەر لەو کاتانەدا شەرەفی نوێ کردنەوەی ( کاژیك) ی لە ( پاسۆك) دا پێ بڕا .

ساڵی ٩٧٩ جارێکی دیکە پێشمەرگە بە ئەمەکەکەی کورد بووەوە میوانی خانەخوێی وەرزێر و پاڵەی چەوساوەی کورد ، جارێکی دیکەش دەستی لە گەردنی ئاواتەکەی کردەوە ، ئەوی (کورد و پاسۆك ) هەموو کوردستانی مەزنی بە سەنگەری خۆی دەزانی و لە کوێ کورد پێویستی پێ بایە ئەو لەوێ بوو ، تا لە ٦/ ٥/ ٩٨٠ دا مەرگ سوژدەی بۆ برد ، لە دەستی فڕاندین ، لە سەر گفتەکەی خۆی تا دوا تریە ، دوا فیشەك ، لە سەنگەرەکانی ( بـــا نـــە ) ی کوردســـتانی خۆرهەڵاتدا بەرامبەر گەندەڵ ترین و گەوج ترین داگیرکەر جەنگا و گیانی خۆی و شـــیعرەکانی و ( بێ شێ ) ی بە کورد سپارد .

بەڵام مەرگی شووم تەنها لە شێکی لێ شاردینەوە ، دەنا گیان و کردار و بیرەوەری" کاکە شەوقی " هەتا هەتایە لە دونیای جاویدانی دایە و نەمانی بۆ نیە .

# وشەی هیڤڵێ

لە دەستدانی تێکۆشەرانی نەتەوە هەمیشە هەستی ناسکی نووسەران و شاعیرانی گەل پەرست دەهەژێنن و پشکۆی شیعریان بە جەستەی خەستەی گەندەڵی داگیرکەران دا دەچرێنن. چەپکە ووشەش لە سەر گۆڕی ئەو قارەمانانە دەهۆننەوە و ژیانێکی هەمیشەییان لە مێژووی نەتەوەدا بە باڵا دەبڕن.

لێرەدا چەپکە شیعرێکی تەڕ و پاراو و گوڵبژێر دەکەین، لەو شیعرانەی پێشکەش بە گیانی هاوبیری شەهیدمان کاکە ( محەمەد شەوقی ) کراون.

نامەوێ پشتم لە جەنگدا دەرکەوێ بۆ دوژمنم
لاشەکەم با غەرقی خوێن بێ تا دەگاتە گەردنم

کەس نەڵێ ئەم بێشە چۆڵەو، ئەم سەرۆکە مردووە
قارەمانی بێچووە شێری کوردستانە نووسراوە

پێت بڵێم چی کردووە بۆ خزمەتی کوردی هەژار
لاپەڕەی مێژووی بە خوێنی ئاڵی خۆی نەخشاندووە

پەیکەری ژینت سەرانسەر، شۆڕشە و کوردایەتی
شاهیدە بۆ تۆ لە گەڵ کورد چەندە رەنجت بردووە

بەم تەقەڵاو شۆڕش و ئازایەتی و مەردانەیەت
تۆ پەیامی مردنت بۆ دوژمنی کورد ناردووە

هەواڵنامەی کتێب

# هەڵوێست

لە مانگی ئۆکتۆبەری رابووردوودا رێکخراومان ( رێکخراوی خوێندکـــارانی سۆســیالیستی کورد لە ئەوروپا ) بەیاننامەیەکی گرنگی بە زمانی ئاڵەمانی لە ســەر بار و دۆخی تورکیا دەرکرد . رۆژنامەی ( دێر تاگس شپیگل ) ی ئاڵەمانی لە ژمارە ( ١١٢٨٤ ) ی‌دا پەنجەی بۆ ئەو بەیاننامەیە راکێشـــابوو و چەپکێکی لێ بلاوکردبۆوە . لە بەر گرنگی نێوەرۆکی بەیاننامەکە وا دەقەکەی بۆ خوێنەرە ئازیزەکانی کۆڤارەکەمان دەکەینە کوردی .

## کورد و یاسای رژێمە عەسکەری یەکەی تورکیا
## بێ بەشی ی تەواوی ملیۆنەها کورد ...

لە کاتی دروست بوونی (( تورکیای نوێ)) لە ســـالی ١٩٢٣ وە لە ســەر دەستی کەمال ئەتاتورک دا ، رژێمە جۆربەجۆرە یەک لە دوای یەکەکانی تورکیا هەوڵ دەدەن کورد وەکو نەتەوە لە نێوبەرن و کولتوری کوردی بسڕنەوە ، دوای ئەوەی نیشتمانەکەیان ( کوردستانی باکوور) بە پێچەوانەی ویست و ئارەزووی خۆیانەوە و بە پێچەوانەی پەیمانی ســیڤەری ١٩٢٠ ەوە بە تورکیاوە لکێندرا .

کورد تەنها نەتەوەیەک بوو و نەتەوەیەکە کە توانی دژی فاشیزمی تورکـــی راپەڕێت و دژی پیلانی لە نێو بردنی راوەســـتێتەوە ، چ لە سەردەمــی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی عوسمانی داو چ لە ســەردەمی شــۆڤێنیزمی ( تورکیای نوێ) دا . نەتەوەکانی دیکەی وەکو ئەرمەن و یۆنان و ئاسوری‌یەکان هەرزوو بە هێرشی تورکانە راپێچ و خامۆش کران . ســاڵەکانی بیست و

سی ی ئەم سەدەیە بە سەردەمی چەپەڵترین هێرشی لە نێوبردنی کورد لە تورکیادا ناسراون ، ئەمە تەنها دیل کردنی نەتەوەیەکی بیست و پێنج ملیۆنی ی خاوەن کولتور نی یە کە هەزاران ساڵە لە خاکی بە تاڵان براوی خۆیان دا لە لایەن داگیرکەرانەوە دەچەوسێنرێنەوە ، بەڵکە هەوڵ دانە بۆ لە نێوبردنی هەموو نیشانەیەکی بوونی نەتەوایەتیان وەکو زمان و مێژوو ئەدەب و مۆسیقا و هونەر و فۆلکلۆریان .

لە ١٤ ی شوباتی ١٩٦٧ دا رژێمی تورکی بە پێ ی یاسا هەتا زمانی کوردییشی قەدەغە کرد ، ج بە گفت و گۆ وچ بە کتێب و رۆژنامە و تۆمارکراوەکانی دیکە .

دوای ئینقیلابە عەسکەری یەکەی ئیڤرێن لە سێپتەمبەری ١٩٨٠ دا کە سێهەمین ئینقیلابی عەسکەری یە لە تورکیادا لە ساڵی ١٩٦٠ ەوە ، دژایەتی کورد گەیشتۆتە چلە پۆپەی . ژمارەیەکی بێ شوماری ژن و پیاوی کورد بەند کراون ، ئامرازە نێو زراوە ئازاردەرەکانی گرتووخانەکانی تورکیا بە تایبەت لە گرتووخانەی شاری ( دیاربەکر) ی کورد دا لە جیهاندا نێوی دەرکردووە و ناسراوە ، یاسای نوێی مرۆڤانە هەڵگیراوە و لە ژێر نێوی بەرەنگاری ( جودا خوازی) دا هەوڵی لە نێوبردنی کورد و زمان و مۆسیقا و سەما و ئەدەبەکەی دەدرێت .

رژێمە عەسکەری یە دەستەڵات دارەکەی تورکیا هەتا سزای ئەو بێگانانەش دەدات کە دەیانەوێ راستی یەك دەربارەی باری نا هەمواری کورد و ئەرمەن ئاشکرا بکەن ، ئەوەتا ( رالف رایمۆند براون ) کە کابرایەکی ئاڵمانی یە بە شازدە مانگ بەندی ی سزا دراوە ، بە تاوانی رشاندن و

خەوش دارکردنی تۆرانیزمەوە . براون لە شاری (وان) ی کوردستانی بەستراو بە تورکیاوە لە کڵێسەیەکی ئەرمەنی دا دەربارەی لە نێو بردنی ئەرمەن لە تورکیای ١٩١٥ دا دوا بوو .

یا ساعەسکەرییەکەی تورکیا کە بوونی ١٠ ملیۆن کورد رەت دەکاتەوە ببیر ، رۆژنامە و رێکخراوە ئازادیخوازەکان قەدەغە دەکات ناتوانێ جیهانی ئازاد لە خشتە بەرێت و ئەم رەفتارە فاشستانەیە بە چەسپاندنی دیموکراسی لە قەڵەم بدات .

رژێمێک کە هەموو دیموکراسیەتێک قەدەغە بکات و نەک تەنها رێکخراوە چەپیەکان بەڵکە سۆسیال دیموکراتەکان و هەتا رێکخراوە ( محافظەکانی) وەکو حیزبی (عەدالەت) ی ( سلێمان دێمیرێل ) و نەقابەکان و چاپکراوەکان قەدەغە بکات ئێدی چۆن دیموکراسێتی دەچەسپێنێ !

وڵاتە ئەوروپاییەکان و بە پلەی یەکەم و تایبەتی ئەڵمانیای رۆژئاوا کە قەرزی ملیاردی لە چەک و پارە دەخاتە بەردەست رژێمە عەسکەرییەکەی تورکیای ئەندامی (ناتۆ)وە، ناتوانێ خۆی لەبەرپرسیاری ی لە نێوبردن و تواندنەوەی نەتەوەی کورد لە تورکیادا بدزێتەوە . هیچ ئەوروپی یەکی ئاسایی بەوە رازی نی یە بە پارەی باجی ئەو نەتەوەکەمان لە نێو ببرێت .

سیاسەتمەدارانی ئەوروپا بە تایبەت دەستەڵاتدارەکانیان ، ئەوانەی رۆژانە صەدان جار دەم لە مافی مرۆڤ و یەکسانی و ئازادی و دیموکراسی و یەکێتی و ئەم بابەتانەوە دەژەنن ، ئێمەی کورد چاوەڕوانی ئەوە ناکەین کە کۆمەك و یارمەتی بە ئێمە بکەن دژی تالانکەر و داگیرکەرانی خاکەکەمان، چاوەڕوانین تەنها بە لانی کەمەوە بێ لایەن بوەستن لە نێو ئێمە و داگیرکەران و لە نێو بەرانمان دا کە هەموویان رژێمی دیکتاتۆری دژ بە گەلن

ئەمە پێوەندی‌دارە بە مەسەلەی لە نێوبردنی تەواوی نەتەوەی ئاشتیخواز و ئازادیخواز و دژی فاشیزمی کوردمانەوە ، بۆیە کەسان و رژێمێك کە لە نێوبەرەکانمان بە چەك و پارە کۆمەك پێ دەکەن و پاڵپشتیان دەکرن بەلای ئێمەی کوردەوە جگە لە هاوکار و بەشداری لە نێوبردنمان شتێکی دیکە نین .

ئەی ژنان و پیاوانی ئەورووپا !

هاوکاری ئێمەی کورد بکەن ، ئێمەی خەباتکەر لە پێناوی دیموکراسێتی و ئازادی و یەکسانی دا ، ئێمەی دژی هەموو شێوە و شێوازێکی دیکتاتۆری و چەوساندنەوە ئازاردان .

ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی
کورد لە ئەورووپا
ڤیەننا ۲/۱۱/۱۹۸۲

هەواڵنامەی کتێب

گەلی ئاواتی ڕزگاری لە بیرابێ هەموکاتێ
بچەکی تۆڵەی لەشانابێ وجگەرسۆزانە دەستباتێ
تەیارەوتۆپ وحەبابەی لەرێ دابێ وسزای باتێ
گەلی وانامرێ هەرگیز سەری بەرزە بە ئاواتێ
کە ڕزگاری نەتەوەی کوردە ، ئەبێ بڕوات وبیگاتێ

über eine Konföderation eines künftigen palästinensischen Staates in Westjordanien und im Gaza-Streifen mit Jordanien gesprochen haben soll. Im Mittelpunkt der Erörterungen habe der Gedanke gestanden, daß beide Staaten ihre eigene Regierung haben würden, auf höherer Ebene aber durch eine Volksvertretung und Regierung verbunden sein würden, in denen beide Seiten gleichberechtigt vertreten wären.

kommen, wie aus der Region gemeldet wurde. Der Falangistensender Stimme Libanons berichtete, die Heftigkeit der Kämpfe habe am Donnerstag abend zugenommen. Die Kampfhandlungen hätten sich auf acht Stadtviertel von Tripoli ausgeweitet. Es seien mehrere Brände ausgebrochen. Die libanesischen Polizisten, die die kämpfenden Parteien in Tripoli trennen wollten, hätten sich wegen der gefährlichen Lage zurückziehen müssen.

# Polizei in Amsterdam stürmte besetztes türkisches Reisebüro

## Geiselnehmer waren offenbar unbewaffnet

**Amsterdam** (AP). Unblutig endete gestern in Amsterdam die Besetzung eines türkischen Reisebüros. Polizisten in Zivil stürmten das staatliche türkische Reisebüro in der Innenstadt, überwältigten rund zehn offenbar unbewaffnete Türken, die gegen das Regime in ihrer Heimat protestiert hatten und befreiten zwei als Geiseln genommene Angestellte.

Er hieß, die Demonstranten, die sich als Mitglieder der Gruppe „Devrimci Sol" bezeichneten, hätten sich widerstandslos überwältigen lassen. Zuvor hatte ein Polizeibeamter die Reisebürotür mit einem Vorschlaghammer eingeschlagen. Verhandlungen über den von der Gruppe geforderten freien Abzug hatten sich nach Angaben eines Polizeisprechers zu lange hingezogen. Die Besetzer hatten das Reisebüro mit Spruchbändern wie „Es lebe die Kölner Geiselnahme" und „Wir protestieren gegen die faschistische Junta" behängt.

## Referendum in der Türkei

**Ankara** (dpa). Am Sonntag entscheiden die türkischen Wähler über die Annahme der neuen Verfassung und zugleich damit über die Wahl von General Evren zum Staatspräsidenten auf sieben Jahre. 20,7 Millionen Wahlberechtigte sind nach dem Gesetz verpflichtet, ihre Stimme abzugeben. Die neue Verfassung sieht eine starke Position des Präsidenten und der Exekutive vor, zahlreiche demokratische Rechte sind eingeschränkt. Die früheren türkischen Politiker sind auf zehn Jahre von allen politischen Aktivitäten verbannt.

## Kurdische Studenten kritisieren Hilfe der NATO-Länder für die Türkei

**Berlin** (dpa). Von einer moralischen und finanziellen Unterstützung der NATO-Länder und insbesondere der Bundesrepublik für die Türkei hat die Sozialistische Organisation Kurdischer Studenten in Europa (SOKSE) abgeraten. Mit Geldern europäischer Steuerzahler für die Militärregierung in Ankara würde die „Vernichtung des kurdischen Volkes" begünstigt. Dies könne nicht im Interesse der europäischen Menschen sein, heißt es in einer gestern in Berlin veröffentlichten Erklärung. Darin werden der türkischen Regierung unter anderem brutale Foltermethoden und andere Rechtsverletzungen vorgeworfen. „Regierungen und Personen, die unseren Vernichtern mit Waffen, Geldern oder moralischer Unterstützung beistehen, sind für uns Kurden nichts anders als ‚Mittäter'", heißt es.

## Kanadisches Gericht läßt Raucas Auslieferung zu

**Toronto** (dpa/AP). Das Oberste Gericht der kanadischen Provinz Ontario hat die Auslieferung des früheren Gestapo-Offiziers Helmut Albert Rauca an die Bundesrepublik entschieden. Der 73jährige Rauca, ein naturalisierter Kanadier, wird beschuldigt, zwischen 1941 und 1943 an der Ermordung von über 11 000 litauischen Juden in einem Todeslager bei Kaunas mitgewirkt zu haben. Bis zur Auslieferung bleibt Rauca in Haft. Sein Verteidiger hat Berufung angekündigt.

Der Fall Rauca ist das erste Verfahren dieser Art in Kanada. Kanada selbst hat keine rechtliche Handhabe, Naziverbrecher vor Gericht zu stellen.

**Kölner Geiselnehmer beim Haftrichter.** Die zehn türkischen Geiselnehmer, die am Donnerstag nach 15 Stunden ihre Geiselnahme im türkischen Generalkonsulat in Köln gewaltlos aufgegeben und sich den Behörden gestellt hatten, sind gestern dem Haftrichter vorgeführt worden. Auf Geiselnahme stehen Strafen zwischen drei und fünfzehn Jahren. (dpa)



# کۆچی دوایی
# مامۆستا عەبدوڵلا
## جەوهەر . ح

لە رۆژی سێ شەممەی یەکی مانگی حوزەیرانی ساڵی (١٩٨٢) دا مامۆستا عەبدوڵلا جەوهەر کۆچی دوایی کرد .

مامۆستا جەوهەر لە یەکی مانگی تەمووزی ١٩٢٠ دا لەشاری سلەیمانی پێی نایە مەیدانی ژیانەوە و لەسەرەتای لاوێتی دا دەستی کرد بە نووسینی وتارو لێدوان و لە گۆڤارو رۆژنامە کوردی یەکانی ئەو دەمەدا بڵاوی دەکردنەوە .

هێندێک لە بەرهەمەکانی لە گۆڤاری گەلاوێژ دا بە نێوی (( ع. چالاک )) ەوە پێشکەش کراون ، نووسینە تەڕ و پاراوە بە توێکڵەکانی کە بە کوردی یەکی سادەی پەتی رەوانی بێ گرێ و گۆڵ دەینووسین ، هێزو پێزێکی تەواوی دابوو بە نێوەرۆکی وتارەکانی .

عەبدوڵلا جەوهەر هەرنووسەرێکی بە دەست و کوردی زانێکی کەم هاوتا نەبوو ، بەڵکو کوردێکی خاوەن باوەڕی دڵپاکی دڵسۆزی رەوشت بەرزی مەرد بوو ، جەوهەر یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی (( کاژیک )) ، ئەو کۆمەڵەیەی کە بزووتنەوەی سۆسیالیزمی کوردی هێنایە بوون و بەوەش رێی بۆ زەحمەتکێشان و ئازادیخوازانی کورد خۆش کرد کە رێی کوردایەتی راستەقینە بگرن و بەرەو کۆمەڵگەیەکی یەکسان هەنگاو بنێن لە سنووری کوردستانێکی سەربەخۆی یەکگرتوودا .

هاوبیر جەوهەر تامرد سەری بۆ داگیرکەرانی کوردستان شۆڕ نەکرد . کورسی و پایەو پارە کە بە داخەوە ملیان بە کەلێك لە هاوولاتەکانمان کەچ کردووە ، تامە تامەی ئەویان نەدا . جەوهەر تا مرد تەنشی بۆ هیچ ملهوڕێك نەڕست . هەر لەبەر ئەمەش بوو کە ئەو نووسەرە هەڵکەوتووە پێزی نەدەهات بەرهەمی بەنرخی خۆی لە تەنیشت بەرهەمی پووچەڵی ئەو کوردی نووسانەوە بڵاوبکاتەوە کە فشـە کوردایەتی لە بازاڕی رەشی داگیرکەرانی کوردستاندا بە گەلە دیلکراوەکەمان دەفرۆشن .

ئێمە لە کاتێکدا کە بەرێزێکی یەکجار زۆرەوە یادی هاوبیر عەبدوڵلا جەوهەر دەکەینەوە . بەڵێنیشی دەدەین کە تا هەین لە ڕێی سۆسیالیزمی کوردی لانەدەین .

هەواڵنامەی کتێب

خستنە سەر نێت: چالاک
chalakmuhamad@gmail.com

# کوردستانێکی ئازاد یا فشە ئۆتۆنۆمیەک؟

بڵاوکراوەی (السفیر الکردستانی) کە لە لەندەن دەردەچێ بە پرسیارێک لە ژێر سەردێڕی ( کوردستان حکم ذاتی ام انفصال ؟؟ ) دا گلۆڵەی دەمەتەقێ یەکی کردۆتەوە ، هەندێ کەس لەوبارەوە رای خۆیان بۆ بڵاوکراوەکە ناردووە ، ئێمەی ( خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەورپا) ~~بە~~ بە پێویستمان زانی رای خۆمان لەو بارەوە تۆمار بکەین . لەگەڵ سوپاسی زۆرمان دا بۆ ئەو بڵاوکراوەیە کە دەرفەتی ئەم وەرامەی بۆ رەخساندین وا رای خۆمان لەو بارەوە لە سەر لاپەڕەکانی ( خوێندکاری کورد ) تۆمار دەکەین و وێنەیەکی بۆ ( السفیر الکردستانی ) دەنێرین . ئەوانیش سەرپشک بن لە تەرجەمەی رای ئێمەدا وەکو لەگەڵ ووتاری بەشدارانی دیکەدا بەو ئەرکە هەڵستاون .

پێش ئەوەی وەرامی پرسیارەکەیان بدەینەوە بە پێویستی دەزانین رووی رەخنەیەکی دۆستانە لەو بڵاوکراوە ئازیزە بکەین دەربارەی ووشەی ( انفصال ) کە نەدەبوو ئەمەیان بە سەردا تێ پەڕێ و پێویست بوو ووشیارانە تر مامەڵە لەگەڵ ووشەدا بکەن . ( انفصال ) ئەو ووشە دزێو و بەدفەساڵەی هەمیشە کوتەک و تۆمەتی دەستی داگیرکەرانی کوردستان بووە بۆ پەیدا کردنی بەهانە بۆ سەرکوت کردنمان و کپ کردنی دەنگی زوڵاڵی نەتەوەکەمان کە گوایە ئێمە بەشێکین لەوان و لە دایکانە ئیستیعمارێک کەوتووینەوە بەڵام ئەوان بە ئاغایی و ئێمە بە نۆکەری !!!

( انفصال ) بە واتا فەرهەنگیەکەی مانای جودابوونەوەی بەشێکە لە لاشەیەک واتا کارێکی دەسکرد و نا خۆڕسکی ، کە بەش کردنی کوردستان وبەشێ

بەو قەوارە نامۆیانەوە پێچەوانەی ئەم وورێنانە دەسەلمێنێ .

وەرام دانەوەی ئەو پرسیارە چەند پرسیارێك دێنێتە کۆڕێ کە داوە تیشکێك دەخەنە سەر وەرامەکە :

١ـ ئایا بوونی کورد وەکو نەتەوەوکوردستان وەکو خاکەکەی لە مێژینەترن یاخود بوونی هەندێ لەو دەوڵەتانەی بەرۆکری ئیمپریالیزمی جیهانین و لەخود ئەو ئیمپریالیزمانە درندانەتر مامەڵە لەگەڵ کورد دا دەکەن ؟

٢ـ ئایا کورد نیشتەجێی سەرخاکێکی بێگانەیە ؟ یا خاکی کەسی داگیرکردووە؟ یا چاوی تەماعی بڕیوەتە خاکی کەس؟؟ یا بەڕاستی بەشێکن لەو نەتەوانەی دەستەلاتدارن و کوردیان پێوە بەند کراوە وەکو کەلێ جار ئەم ورێنانە گوێ بیست دەبن ؟؟؟

٣ـ ئایا پەرت‌پەرت‌کردنی کوردستان و بەخشینەوەی بەسەر ئەو وولاتانەدا بە خواست و ئاواتی خودی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی فەرمانڕەوای ئێستای بووە ؟ بە پرس و رایەکی دیموکراسیانە بووە ؟ یاخود ویست و خواستێکی گلاوی ئیمپریالیزمانە بووە و بەسەر هەموولایەك دا سەپێندراوە ؟؟؟

٤ـ ئایا ئۆتۆنومی دوا چارەسەرە و چارەیەکی سۆکەری هەتاهەتاییە بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەی صەدان ساڵەی نەتەوەیەکی چەوساوەی بیست و ئەوەندە ملیۆن ؟؟؟

٥ـ ئایا بوونی کوردستانێکی ئازاد و پێشکەوتووخواز گێڕانەوەی هەق و راستییە یان کردەیەکی دەسکرد و پێچەوانەی داب و نەریتی حەتمی نێو دەوڵەتان و گەلانی ژێردەستەی تینووی ئازادییە ؟؟ ئایا هاتنە کۆڕی کوردستانێکی ئازاد زیان لە بوون و قەوارە و کیانی سەربەخۆی نەتەوە

هاوسێکانی دەدات یا دەبێتە پاڵپشتێک تا لەسەر ئەو بنچینەیە برایەتی و دۆستایەتی هاوسەنگ و هاوتا و هەتاهەتایی دێتە گۆڕێ ؟؟؟

**کورتەیەکی مێژوویی:**

( کاتێک دەتەوێ لە کێشەیەکی گرنگ بکۆڵیتەوە بکەرێوە سەر بنچە مێژوویی یەکەی تا بتوانیت ئاکامێکی زانستانەی خەملاو و بە دەست بهێنیت .)

مێژووی مرۆڤایەتی دەڵێت کورد یەکێکە لە کۆنترین نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی نێوەراست کە لە مێژووی کۆندا بە ( کورت ) ، ( کوردوئین ) ، ( کاردۆخی ) ، ( کورتی ) ، ( کۆتێوی ) . ( گۆتۆ ) . ( کاش ) ناسراون . ئەوەتەی هەیە لە سەر ئەم خاکەی ئێستای زیاوە و سنووری وولاتەکەی لەمەی ئێستاکەی زۆر فراوانتر بووە . لە کاتێکدا زۆربەی نەتەوەکانی ئێستاکەی نێوچەکە بە نیسبەت مێژووەوە هێندە نی یە رەویان کردۆتە ئەم ناوچەیە .

زۆربەی زانایان لە سەر ئەوە رێک کەوتوون کە کوردەکان نەوەی مادەکانن کە خاوەنی ئیمپراتۆرێکی مێژینە بوون و لەم شوێنەی ئێستای کوردستاندا فەرمانڕەواییدن کردووە و پێتەختەکەیان شاری ( ئەکبەتان ) وانە ( هەمەدان ) ی ئێستا بووە . ئیمپراتۆری میدیا لە ساڵی ٦١٢ پێش زایین دا دامەزراوە کە ئەم ساڵە بە سەرەتای ساڵنامەی کوردیی دادەنرێ . لە ساڵی ٥٥٠ ی پێش زایین دا فارسەکان توانیان لەسەردەستی ( کۆرش ) دا ئیمپراتۆری ماد لە نێو بەرن و خۆیان فەرمانڕەوایی نێوچەکە بکرنە دەست .

وەنەبێ ئیدی کورد دەستی دابێ و فەوتابێ بەڵکە هەمیشە لە شۆڕش و راپەرین دابووە دژی هێرش هێنەران لە پێناوی پاراستنی خاکەکەی دا .

زۆر داگیرکەری وەکو رۆمانی ی و یۆنانی یەکان روویان لەکوردستان کردووە ، بەڵام هەمیشە لووتیان بە واقعی ئازایەتی ئەم نەتەوەیەدا تەقیوەتەوە و ناچارانە پاشەکشەیان کردووە ، ئەوە ( گەزەنەفۆنی ) یۆنانی لە کتێبی ( أنا باسیس ) دا بە روونی ئەم راستیانە ئاشکرا دەکا .

کاتێك ئاینی ئیسلام هاتە نێوانەوە و پەل و پۆی کێشا ئەوە بوو وولاتی (فارس) یان داگیرکردوو لە ساڵی ( ٦٤٠ ز ) دا روویان لە کوردستان کرد . ئەوەتا ( ابن الاثیر) لە کتێبی ( الکامل فی التاریخ ) ب٣ ل ١٦ دا ، الشیخ محمد خضری بك لە کتێبی ( تاریخ الامم الاسلامیه ) دا بۆمان دەگێرنەوە دەڵێن .. ( لقد سلط بعض قادة عمر بن الخطاب ( ٦٣٤-٦٤٤ م ) کـ ( عزرة بن قیس ) و ( عتبة بن فرقد ) و ( قیس بن سلمة الاشجعی ) الحرق والغرق علی سکان شهرزور ) .

کوردەکان هەستیان کرد کە ئاینی ئیسلام کراوەتە پەردەیەك بۆ داگیرکردنی وولاتەکەیان و چەوساندنەوە و غەدر لێ کردنیان بۆیە هەمیشە لە شۆرش و راپەرین دا بوون دژی داگیرکەرانیان هەر لە سەرەتای هاتنی ئیسلامەوە تا سەردەمی ئەمەوی و عەبباسی و روخاندنی ئەم دەوڵەتە لە ساڵی ١٢٥٨ دا لە سەر دەستی هۆلاکۆی تەتەری دا .

بە رووخاندنی دەوڵەتی عەبباسی عەرەبەکانیش یەکێتی سیاسی و نەتەوەیی و مەعنەوی خۆیان لەدەست دا . تورکە عوسمانی یەکان خەلافەتیان لە دەست دەرهێنان و زۆربەی خاکەکەیان وەکو بەشێکی کوردستان کەوتە ژێردەستی ئیمپراتۆری عوسمانی یەوە .

لە ئەنجامی چەوساندنەوەی کوردەوە لە لایەن هەردوو دەوڵەتی عوسمانی صەفەوی یەوە کوردەکان گەلێ شۆرش و راپەرینیان بەرپا کرد دژی هەردوو ولات بەجۆرێك

ترسی خستبووه دڵی هەردوولایانەوە ، بۆیە هەردوولا هەموو کێشەیەکی خۆیان وەلانا و لە ساڵی ١٦٣٩ زدا پێک هاتن و ڕێکەوتننامەی ( زەهاو ) یان مۆرکرد کە بە پێی ئەم ڕێکەوتننامەیە بۆ یەکەمجار بەرەسمی کوردستان لە لایەن داگیرکەرانەوە بەش کرا .

بەڵام دەسەڵات و قەڵەمڕەوی ئەو وڵاتانە لە کوردستاندا هەمیشە لە کەم و زیادی دا بوو ، ئەگەرچی کورد قەوارەیەکی سیاسی یەکگرتووی نەبوو بەڵام گەلێ جار میرنشینی تەواو سەربەخۆ و جار جارەش بە فشە پابەندی یەک بەو دەوڵەتانەوە فەرمانڕەوایی خویان کردووە . میرنشینەکانی ( بۆتان ) ، ( سۆران ) ، ( بابان ) ، ( ئەردەلان ) نموونەی دەسەڵاتی کوردی ئەو سەردەمەن .

ساڵی ١٩٢٠ کۆتایی دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی عوسمانی و سەرەتای هاتنە ناوەوەی ئیمپریالیزمی ئەوروپی بوو بۆ ناوچەکە ، ئیمپریالیزمی نوێ گەلێ چەپەڵ تر و دووربین تر بوون لە پێشینەکانیان ، هەرپێیان نایە ئەو ناوچە ستراتیژیە پڕخێر و بێرەوە بیریان لەوە کردەوە کە ڕۆژێک دێت شاربەدەر دەکرێن بۆیە هەر لەسەرەتاوە بیریان لە لاوازکردن و بێ تین کردنی ووزە و توانای نەتەوەکانی ناوچەکە کردەوە تا بەردەوامی بەمانەوەی خۆیان بدەن و تەنگ و چەڵەمەی هەتا هەتاییش سازکەن بۆ خۆخەریک کردنی نەتەوەکانی ناوچەکە پێکەوە و خۆ تێ قورتاندنی خۆیان لە پاشەڕۆژدا .

ئەوە بوو دیبلۆماسی ئینگلیزی ( سایکس ) لەگەڵ کونسوڵی فەرەنسی ( بیکۆ ) لە ساڵی ١٩٢٠ دا لە بەیروت کۆبوونەوە و نەخشەی ڕۆژهەڵاتیان وەک سینی یەک شیرینی لە پێشی خۆیاندا دانا و بە ئارەزووی کڵاوی خۆیان چەقۆیان لێ گیرکرد

نەتەوەی کورد پارچەیەک بوو لەو شیرینی یەی بەر چەقۆی شوومیان کەوت و بەشیان کرد . کۆنگرەی سوێند خواران لە شاری ( سان ریمۆ ) لە ۱۹۲۰ دا دانی نا بە پیلانی ( سایکس بیکۆ ) دا . ئەوە بوو دەوڵەتێکیان بۆ ئینگلیز بە نێوی عیراقەوە و یەکێک بۆ فەرەنسا بە نێوی سووریاوە قوت کردەوە و یەکێ پارچەیەک لە کوردستانیان دانە دەم، کە تا ئەوکاتە لە نەخشەی رۆژهەڵات دا دەوڵەتێک بەو نێوانەوە لە کایەدا نەبوون، یاخود نەتەوەی کورد پابەندی دەوڵەتی لەو بابەتانە نەبوو بوو . دوو پارچەکەی دیش بە پابەندی ئێران و تورکیا مانەوە . هەرچەندە کۆنگرەی سیڤر لە ۱۹۲۰ دا دانی بە مافی چارە نووسی کورد دا نا بەڵام لە پیلانی ( لۆزان ) دا ئەو گفتانە سڕدرانەوە .

نەتەوەی کورد لەم سەدەیەدا لە سەرتاپای کوردستان دا بە گەلێ شۆرش و بزووتنەوەی چەکدارانە هەڵستاوە بۆ گۆڕینی ئەو بارە نالەبارە بەزۆر سەپێنراوە . ( تکایە بۆ زانیاری زێدەتر لەو بارەوە بروانە ئەو نامەیەی داومانە بە نەتەوە یەک گرتووەکان و لە لاپەرە(٤٨-٥٦) ی ئەم گۆڤارەدا بڵاوما ن کردۆتەوە و دووپات کردنەوەی بە پێویست نازانین .)

ئەواتە ئەم سنوورە سەپاوانەی ئێستای کوردستان دەستکرد و میراتی ئیمپریالیزمە و خۆرسک نی یە .

نەتەوەی کوردیش هەموو مەرجەکانی بوونی نەتەوایەتی تێدایە و ئەوەتەی هەیە لە سەر ئەم خاکەی خۆی دا بەشداری لە کاروانی پڕ شکۆی مرۆڤایەتی دا دەکات . خاکەکەی یەکەیەکی جوگرافی پێکەوە بەستراوە و هیچ هۆیەکی جیاکەرەوەی جوگرافی و مێژوویی و ئابووری و بەشەری لە نێوان دانی یەو

هەوڵ دان بۆ هێشتنەوەی ئەم سنوورانە مانای کڕکەوتنە لە سەر میراتی ئیمپریالیزمی جیهانی .
لەت کردنی نیشتمانەکەی بە پێچەوانەی ئارەزوو ویستی خۆی بووە و لە دەستەڵاتی ئەو ساتەی بە دەر بووە ، وەکو چۆن بەش کردنی نیشتمانی عەرەب بە هەمان شێوە رووی داوە و ئەوانیش بە دەست هەمان دەردەوە دەناڵێنن ، بەڵام جێگای داخە کە زۆربەی دەستەڵاتدارانی عەرەب مل بۆ ئەم واقعە نادەن و بێ شەرمانە کورد بە بەشێک لە خۆیان لە قەڵەم دەدەن ، یا کە زۆریان بۆ بێت ورێنەی وەکو ( الاخوة الاختیاری ) دێننە کایەوە کە ئێمە نازانین بە پێی کامە راپرس (الاستفتاء) برایەتی چەوسێنەر و چەوساوەمان هەڵبژاردووە !!!
دوای ئەوە ئۆتۆنۆمی دوا چارەسەرنی یە بۆ کێشەی نەتەوەیەکی لێک دابڕاوی بیست و پێنج ملیۆنی کە صەدان ساڵە هەزاران گفتی صەوز و سووری لەو بابەتەی پێ دەدرێ . جگە لەوەی هیچ دڵنیایی یەک نی یە بۆ پاراستن و بەردەوامی هەتا سەری ئەو فشە ئۆتۆنۆمی یە لە وڵاتێکدا کە ( رقم قیاسی ) یان لە کودەتای سوپایی دا لێ داوە و لە رۆژهەڵاتێکدا کە هەرچی بۆنی دیموکراسێتی بێت لە تاکە وڵاتێکی نەهاتووە و نایەت .
گومان لەوەش دانی یە کە دۆستایەتی و برایەتی راستەقینە تەنها و تەنها لە سەر بنچینەی دان نان بەمافی رەوای چوون یەکی هەردوولادا دێتە گۆرێ واتە ئەوەی ئەو نەتەوانە بۆخۆیان بەرەوای دەزانن بە کوردیشی رەوا ببینن دەنا هەتا کوردستان بە ژێر دەستەیی و داگیرکراوی بمێنێتەوە دەستەڵاتدارانی ئەو وڵاتانە هەر زۆرنایەکی لەو بابەتە بژەنن و هەزار برایەتی

درۆو لە براش لە پێش‌تر بەزاریان دا بێتە خوارێ بۆ فریودانە و کورد کڵاوی تێ نانێ و بێ ی ناپێوێ .

داواکاری کورد داوایەکی ڕەوا و خۆرسکانەیە و دژی هیچ داب ونەریتێکی نێو نەتەوەیی و دەوڵەتان نی یە . مافی چارەنووس مافی هەموونەتەوەیەکەو هەتا دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان خۆشیان لە جەڤینە نێو نەتەوەیەکاندا مۆریان کردووە و ڕۆژی صەدجار بە درۆ بە سەر زاریاندا گوزەر دەکات و بە حسێبێ پشتگیری مافی چارەنووسی هەموو گەلان دەکەن بەڵام بۆ نزدیک ترین نەتەوەی بەرلووتیان ڕووی صەدان هێتلەر و مۆسۆلۆنی یان سپی کردۆتەوە .

ئێمەی مارانگازی چەندین جارەی دەستی ئەژدەهای ئیمپریالیزمی جیهانی لە کوردستانێکی ئازاد دا بە سەنگەری هەتا هەتایی ڕووبەڕووی ئیمپریالیزم دەمێنینەوە و دەبینە شوورەی پۆلایینی پاراستنی کیان و سەربەخۆیی هەموو گەلانی دۆست و هاوسێ لە جیهان و نێوچەکەدا ، دەبینە پاڵپشتێکی سەرسەختی هەموو ئازادیخوازانی جیهان و لە سەر ئەو بنچینەیە برایەتی و دۆستایەتی هەتاهەتایی و هاوتا و هاوسەنگ دادەڕێژین .

دوا کات پێمان وایە دوودەنگی زوڵاڵی دوو ئازادیخوازی عەرەب کورت ترین و پوخت ترین و چاکترین وەرام بن بۆ ئەو پرسیارە بۆیە وا لێرەدا ئەو دەنگە مێژووییانە تۆماردەکەینەوە و پێش‌چاوی دەخەین .

یەکەمیان دەنگی ڕاستی و هەق پەرستی زانای بەنێوبانگ و نووسەری هێژای عەرەب خوالێخۆشبوو ( هلال ناجی المحامی ) یە کە دەفەرموێ :

( الواقع ان المسألة الكردية تثير اهتماما كبيرا ليس لأن منطقة جبلية يقطنها الاكراد ستنفصل عن العراق لرغبة اهلها في تأسيس دولة لهم

وانما لاعتقاد الكثيرين من ان استقلال الاكراد معناه سلخ ينابيع النفط الغزيرة عن عراقنا العربي و حرمانه منها . ومن هنا اذن جاء اهتمامهم بالوحدة العراقية المفتعلة وهذا وهم مغلوط من اساسه . ان القومية الكردية حقيقة واقعة . وان لاكراد العراق مقوماتهم القومية الواضحة . وانه من صالح القوميه العربية ان تعترف للاكراد بحقهم في تقرير مصيرهم ضمن اتحاد فدرالي او كونفدرالي مثلا فيكون هذا بداية تعاون واخاء مستديم بدل ان يكون تجاهلنا للواقع و التاريخ واماني الشعوب سببا لان ينال هذا الشعب حريته بقوة السلاح ان عاجلا او اجلا فان لم يفلح كان خنجر خيانة في ظهر كل الحركات القومية العربية التحررية في العراق .)

دووەمیان دەنگی سەرۆکی شۆرشگێڕ و جەسوور و راستگۆی عەرەب ( معمر القذافي ) یە کاتێک زۆر نەترسانە و بە ویژدانانە دەفەرموێ:

( ان حل المشكلة الكردية يكمن في اقامة دولة مستقلة على ارض كردستان . فالاكراد لهم ارضهم وهم امة شقيقه ، علينا ان نحترمها ، انا ضد التنكيل بهم ، ضد اضطهادهم وضد تشتيتهم في العالم ... انا اؤيد كفاح الاكراد من اجل امة كردستانية تاخذ مكانها في الشرق الادنى الى جوار الامة العربية و الامة الايرانية والامة التركية .

ان الكردي غير عربي ونحن لانستطيع ان نجبره على ان يكون عربيا ... فاذا اراد ان يكون عربيا بارادته فاهلاً وسهلاً ... واذا التزم بارضه و امته فهو حر لماذا نقاتله ؟ لا لزوم لمقاتلة الاكراد ، لافناء هذه الامة ... اعتقد إنه من الصعب تصفيتها جسديا ... وان هذه الحروب وهذه المشاكل مع الاكراد ليست حلا لان الكفاح الكردي سيستمر حتى تستقل الامة الكردية .) ئەمانەن دەنگی راستی و سوێندی هەقی نەتەوەکەیان .

# هەواڵی نیشتمان ‹ هاوار ›

## دیاری نووسەر و شاعیری ناسراو مامۆستا

ئەی گلێنەی هەردوو چاوم ، نیشتمانی خۆشەویستم
پەیمانە تا دوا هەناسەم ، بست بە بستت بپەرستم

هەرکە هۆشم کردۆتەوە ، قوربانی شاخەکانت بووم
قوربانی وەحەی گاوان و بالۆرە و فیکەی شوانت بووم

قوربانی گەردی دەم شەنی سەپانی سەرخەرمانت بووم
فیدای کۆڕی هەرەوەزی کەماجاڕی کوێستانت بووم

فیدای لاوی کاکۆڵ قیتی شۆخی پەستەک لە شانت بووم
فیدای هەڵمەتی پێشمەرگەی سەنگەری تێکۆشانت بووم

فیدای رۆڵەی چاو نەترسی بێ بەکۆتی زیندانت بووم
فیدای هەموو رەش و رووت و دەربەدەری شارانت بووم

ئەی قیبلەی ئاوات و هیوا و ئومێدی ژیان وژینم
هەرچەند بە کزی و کەساسی و دڵشکاوی تۆدە بینم

ئاوات بە مەرگم دەخوازم ، نەک جارێک رۆژی هەزار جار
تف لە ژیانی وا پەست و پڕ لە ئەشکەنجەو پڕئازار

هەواڵنامەی کتێب

تۆی جاران وەك بەهەشت وا بووی پڕ ئاهەنگ بوو ڕۆژ و شێوت
هەمووی وەکو گەوهەر وا بوو دار و بەرد و چڵ و چێوت

ئێستە مێرگ و ڕەز و باخ و دارگوێز و بەلەی مێوت
خەڵفی ناسکی سەرپۆیەی هەنار و هەڵوژە و سێوت

گوێزی دارەقیتەڵە و بەلاڵوکی گوڵ بە لێوت
هەنگوینی شەمەتلێنکەی کلوورەی داری پاڵ کێوت

ئێستە ئەمانە هەموویان کەساسی دەستی دوژمنن
گیرۆدەی دەستی خوای شەڕ و قین و هەڕەشەی مردنن

خۆراکی باروت و بۆمبا و قورقوشم و پۆڵا و ئاسنن
ژێر چەپۆکی چاوچنۆکی تێر نەخۆری ڕموزنن

نە باخ ماوە و نە ڕەز ماوە و نە سەمپانی سەرخەرمان
نە بالۆرە و نە شمشاڵ و نە فیکەی شوانی ناو ڕان

هەرمێ ناسکە و سێوی ڕۆست و کاکڵە گوێز و ترێی ڕەز
شانەی هەنگوین ، پێستەی پەنیر ، خوری شەك و مووی مەرەز

گا و گۆتاڵی ناوچەپەرو مێگەل و ئاژاڵ و پەز
گزرە کەماجاڕی کوێستان ، بۆ کایەن بە هەرەوەز

هیچیان نەمان .. هەموویان برد بە خۆڕایی و تالانی
ناویان لێ نا سۆسیالیستی .. ناویان لی نا برایی

# بەیادی شەهیدە کاکە «فەتاح»ەوە

ئەی گەردوونە هەڵکشـــاوە خاوێنەکە !

گەلەك جار لە خۆمەوە هەســـت بە جەنجاڵی یەك دەکەم لـــە دەوری مێشـــکم دەئاڵێت ، هێندێ جار دەمەوێ بیرێکی لێ بکەمەوە ، ئەنجام دەکەوم بە ســـەر یادو یادگاری شـــیرینی تۆدا ، تومەز ســـۆزی بیرکردنی تۆیەو لێم دێتە ســـوێ . چۆن شـــنە ژانی هەوری هەڵگرتووە ، کەنار ژانی شەپۆل ، ژانی تۆش لە دڵی من شـــەتەك دراوە ، گرێکە وا دەمکاتە سکڵ و ســـووتوو .

ویســـتم لە یادی پیرۆزت دا رستێك وشـــەی خەمڵیوت پێ بســـپێرم کە جوانی و پاکژی ی کۆلکە زێرینەی هەبێت ، وشـــەی تەرپۆش و ئاودار ، ئەو وشـــە یەی لە لانەی دڵ دا ئۆقرە ناگرێ و کە فڕی ئاوڕ لە هەوار دەداتەوە و رووبەرووی خەزان دەوەستێت و نمێك فرمێســـکی ئەمەك بـــە چاودا دەگوزەرێنێ ، بەڵام ویســـتەکان هەر رۆژەی لە قەفەزێکی نامۆدا باڵ دەگرێن ، بۆیە هەر هاوار دەکەن ئێمە خۆمان خاوەن ژانین . لە وەتەی هەین دەمانەوێ ئازار بناســـین کە دێینە ســـەرەنجام و تەواو بوون ئازارێکی دی لەدایك دەبێت ، دەڵێی خەم ناوکی بڕیوین ! ئێمەش ســـەر لەنوێ تێ هەڵدەچینەوە و تێ هەڵدەچینەوە . . . کە گەڵای دار بە شـــێنەیی بەرە و خەزان دا دەکشێ زۆر شـــت دەڵێ . . . بۆیە ســـنگی رۆژگار دەبێتە یادداشـــتنامە و ئامێزیان بۆ دەکاتەوە .

نـــا نـــا بم بەخشـــە ، یـــادی تـــۆ زۆر لەوە مەزنترە من بتوانم چەپکە وشـــەیەکی دڵۆڤانی بۆ ڕام بکەم و بە کێوی خەمی خۆم دا هەڵیانزنێم ،

وشە نیەبتوانێت لە سۆی ڕەوەزەکانی خەمی من نزدیك بێتەوە ...
خەمی من سۆیەکی سرکی بێ پایانی ئازاری لە دەست دانی تۆی هاوبیر و برا و مامۆستامە ، سا بۆیە وشەم بۆ نایەتە زوانی دەربرین و لە سێبەری هیچ وشەیەك دا خۆم ناگرم ، سەرەنجام لە بێ دەستەلاتی دا بە ئەوکی پڕ و چاوی تەڕ و ئەسرینا وییەوە لەبەر یادی پیرۆزت دا سەری نەوازشم نەوی دەکەم . هەر یاد و یادگارت بەخێر و ڕەوانت شاد .

* . * * *

لەبیرمە وەك شتی مەعلووم
مناڵ بووم عاشقی تۆ بووم
کە مامۆستام
لەڕیز دانام
وتی ئەی خام
بنووسە جوان
فیداکارت بم خاکی کوردستان .

# نەورۆز

ڕۆژ هەر ڕۆژە سا ئەوە شەممە بێت یا هەینی ، ڕۆژی نەورۆز بێ یا شەشی ئەیلوول ، کوڵە چوارشەممە بێ یا یەکەمی شەشەڵان ، بەڵام گرنگی هێندێ ڕۆژ لەوەدایە کەبە بیرەوەری یەکی واوە بەندە کە لە مێژووی گەلی کورد یا لە چیرۆکی مرۆڤایەتی دا نرخێکی تایبەتی یان بۆ خۆیان سەندووە . نەورۆزیش کە بەر بیستویەکی مارت دەکەوێ یەکێکە لەو ڕۆژانە . جا ئەگەر ڕاستانی زوڵموزۆری ئەژدەهاك و شۆڕشی کاوەی ئاسنگەر ئەفسانەیەکیش بێ و لە هەزاران ساڵەوە پشتاوپشت پارێزرابێ تا گەیشتبێتە نەوەی نوێی ئەمڕۆ ئەوا ئەوە بەسە بۆ ئەوەی کە گەلی کورد نایەوێ سەر بۆ زۆردارو ملهوڕ شۆڕبکاو دەیەوێ لە ڕووی دەست درێژی و چەوساندنەوەو ڕووتاندنەوەدا هەڵبگەڕێتەوە و خۆی لە کۆت و زنجیری دیلی ڕاپسکێنێ و ڕزگار بکات .

جا دیارە هی وا هەیە کە بڵێ بۆ گەلێکی لەت لەت کراوی وڵات داگیرکراوی بەش خوراوی لە هەموو مافێك بێ بەری کراوی ژێردەستە و پێشێل کراوی وەك کورد جێژنی چی ؟ جێژن کردن بۆ ئەو نەهاتووە و نابێ ، چونکە جێژن مانای ئاهەنگ و خۆشی و دەربڕینی هەستی بەختیاری یە . ئێمە دەڵێین نەخێر ئەوانەی هۆشیان هێناوەتەوە بەرخۆیان و کەوتوونەتە سەر ڕێی ڕاست و ئامانجیان ڕوونە ، مافی ئەوەیان هەیە جێژنی خۆیان بگرن ، چونکە ئەوی لە سەر ڕێی ڕاستە زوو یا درەنگ بە ئامانج دەگات ، ئەوەی لە سەر ڕێی چەوتیشە هەزار جار گوێ بداتە خۆی و خۆی با بدات ، هەر

ئاگاتە ئامانجی راستەقینە . ئێمەی سۆسیالیستی کورد بەختیارین بەوەی کە خاوەنی بیروباوەڕێکین کە بە تاقیکردنەوەی تاڵی پلەیەکی گرنگی مێژووی کورد ، راستترین بیر و رێیە و بۆ چوونمان بۆ کاروباری کورد و جیهان بۆ چوونێکی یەکاویەکە . لەبەر ئەوە پێمان وایە هەڵدەگرێ جێژن بکەین و پیرۆزبایی نەورۆزی کۆن لە نەتەوەی کوردی ئەمرۆ بکەین و مژدەی ئەوەی بدەینێ کە رۆژێ لە رۆژان و هەر لە سەر بیروباوەڕی سۆسیالیزمی کوردی رێی نەورۆزێکی نوێی بۆ تەخت بکەین .

راستە گەلە بریندارە و کوردستان رەش پۆشە و داگیرکەرانی کوردستان درندە و پیاوخۆرن ، بەڵام هەموو تاریکی جیهان لە شەوەزەنگێکی ساردی زستاندا دەسەڵاتی ئەوەی نی یە تیشکی تاکە مۆمێك بکوژێنێتەوە .

بیری سۆسیالیزمی کوردی مۆمێکە لە شەوی ئەنگوستەچاوی کوردستاندا داگیرساوە .

سەرشۆڕی بۆ ئەوانەی کە بۆ دەسکەوتێکی ماددی یا بۆ خۆش کردنی ژیانی خۆیان یا بۆپاراستنی بەرژەوەندی هۆزایەتی یا حیزبایەتی ی تەسکوتروسك پشت دەکەنە هەژاران و لێ قەوماوانی گەلەکەیان و بەربەرەکانی بیری رووناك و تاقیکراوە دەکەن و دەستیان دەچێتە گیانی مرۆڤی راستی لە خۆبوردوو و بەوە خزمەتی داگیرکەرانی کوردستان دەکەن .

شەرموشوورەیی بۆ ئەوانەی دەزانن رێی راست کامەیە کەچی لە کەچی ی خووڕەوشتیان رێ بە خەڵکی سادەوساویلکە هەڵە دەکەن و دەیانخەنە سەر لا رێی سیاسەت و رەوانەی سەرکوێرە رێی

ژیانیان دەکەن .

بژی یادی نەورۆز و بەرەوپێشـــەوە بۆ هێنانەدی نەورۆزێکی نوێ .

بژی هاوکاری هەموو بەشـــخوراوانی جیهان ، بەتاك وکۆمەڵ وگەلانی یەوە .

بژی تێکۆشـــانی نەتەوەی کورد لە پێناوی مافی چارەنووســـی دا .

بژی خەباتی گەلانی کورد و تورك و عەرەب و فارس و گشـــت گەلانی رۆژهەڵاتی نێوەراســـت لە پێناوی دیموکراســـی وئازادی و وەك یەکی دا .

ســـەرکەوتن بۆ ســـۆســـیالیزمی کوردی .

(١) ی نەورۆزی ٢٥٩٥

٢١ ی مارتی ١٩٨٣

هەواڵنامەی کتێب

# هەباسە لە عێراق چ باسە ؟

دەستەڵات دارە خۆسەپێنە خوێنڕێژە دیکتاتۆرە خۆفرۆشەکەی تکریتیان لە سەرتا سەری عیراق دا شانۆگەری یەکی سەیر و سەمەرەیان ڕێک خست بە نێوی ( تازە کردنەوەی وەفا و پەیمان ) ( بیعة ) بۆ سوارە گلاوەکەی قادسیەی خۆتڕێن . ئاشکرایە بۆ ئەم جۆرە کارانە سیخوڕ و بەکرێ گیراوانی ڕژێم بەچ شێوەیەک بە زۆرە ملی کارگەران و فەرمانبەران و قوتابیان بە هەڕەشە و تۆقاندن و چاوەڕکردنەوە بۆ سەر شە قامەکان ڕاپێچ دەکەن . بەڵام وەکی هەموو جارێکی دی ئەم جارەش لە کوردستاندا ئەم شانۆگەری یەیان بە ئابڕووتکانی خۆیان کۆتایی هات .

جەماوەری نەتەوەکەمان ئەم هەلەیان قۆزتەوە بۆ دەربڕینی نەفرەت و ڕقی پیرۆزیان لە خوێنخوری گەل و دار و دەستەکەی ، ئەوە بوو لە ڕۆژانی ١٦/١١/٨٢ دا و تا چەند ڕۆژێک لە شارەکانی هەولێر و سولەیمانی و شارۆچکەکانی دەور و بەریان دا جەماوەری کۆڵنەدەری کورد پەشم و قینی خۆیان بەرامبەر داگیرکەران نیشان دا و لە بریتی ( بیعة ) ( لعنة ) یان بۆ سوارە گلاوەکە دەنارد و هوتافیان بەرووخاندنی ڕژێمی دژ بە گەلی تکریتیان دەکێشا و بە بابژی پێشمەرگە و کوردستان و بژی ئازادی دڵی داگیرکەرانیان دەهێنایە لەرزین . لەم خۆپیشاندانانەدا تەقە و لێکدان لە نێوان بەکرێ گیراوانی ڕژێم و جەماوەری هوشیار دا ڕووی داوە و ژمارەیەکی زۆر لە نیشتمان پەروەران گیراو و زامدار و کوژراون ، بە تایبەت لە شارە دێرینەکەی کوردستان ( هەولێر ) ی نەبەز دا .

لە عیراق دا هەست و نەستیان لە خەڵکە بڕیوە ، بوت پەرستی فێری

فێری هەموو تاکێك دەکەن کاربەدەستانی باڵادەستی رژێمەکە لە رەشە خەڵکەکە زەلیل ترن . چۆن نازی‌یەکان (هێتلر) یان کردبووە خودای سەر زەوی لە عیراقی ئەمڕۆشدا ( صدامی خوێنرێژ) بە هەمان شێوە .

لە هەمووی سەیر و سەمەرەتر ئەوەیە کە ئەندامانی ( ئەنجومەنی نیشتمان)ی فرۆشیان ( المجلس اللاوطنی ) کۆکردوتەوە و خوێنیان لە هەموویان گرتووە و بەو خوێنە گڵاوە پەیمانی هەتا هەتایی خۆفرۆشی و ئەڵقە لە گوێیی و خیانەت و زەلیلیان بۆ سوارە گلاوەکە مۆر کردووە . ئەوەتا لە رۆژنامەی هاوکاری ژمارە (٦٦٥)ی رۆژی ٩/١٢/٩٨٢دا وێنەی خۆفرۆشێکی زگ هەڵاوساوی کورد پیشان دراوە کە ئەندامی ئەو ئەنجومەنە نیشتمان فرۆشەیەو خوێنی بۆگەنی دەدات کە لە گیانی هەزاران رۆڵەی نەتەوەکەیی مژیوە . لە ژێر ئەویشدا وێنەی ئافرەتێکی سۆزانی ئەندامی هەمان ئەنجومەن بە هەمان شێوە بڵاوکراوەتەوە و لە پاڵیان دا نووسراوە ( نوێنەرانی گەل بە خوێن تۆماری وەفاداری باوەڕ بە سەرکردەی گەل مۆر دەکەن ) . !!!

* * * *

سوارە گلاوەکە لەکاتی بەخشینی ( میدالیای بێ شەرەفی ) بە هەندێ خۆفرۆشی کورد لە رۆژی چوارشەممەی ١٩/١/٩٨٣دا لە زنجیرەی هەڵەوەری‌یەکانیدا دوای ئەوەی زۆر قسە و درۆ و دەلەسەی بێ سەروبێ دەکات ئەوجا بە شێوەیەکی میکافیلیانە دەڵێ : ( من خۆم هەندێ جار بیستووە لە هەندێ کەسی خەڵکی سلێمانی کە باسی هەولێری‌یان بۆ دەکەم بێ یان ناخۆشە و دەڵێن ئێمە خەڵکی سلێمانین ، واتا نایانەوێ بەراورد بکرێن بە خەڵکی هەولێرەوە ... ) لەرۆژنامەی هاوکاری ژمارە ( ٦٧٢ )ی ٢٧/١

را بێ دەسکاری و راستکردنەوەی هەڵەو پەڵەی زمانەوانی ئەو رۆژنامەیە .

ئێمەی کورد چاك دەزانین ئیمپریالیزمی جیهانی لە پێشاندا چۆن کوردستان یان دابەش کردوو ئەوە بوو کوردی تورکیایی و کوردی ئێرانی و کوردی عیراقی و کوردی سوریایی یان هێنایە گۆڕێ و ووزە و توانای نەتەوەکەمانیان لەت کردوو لێکیان داپچڕی پاشانیش لە هەرپارچەیەکی داگیرکراودا بزووتنەوە و شۆڕشێك بەرپا بوویێ هەوڵی دووبەرەکی و سێ بەرەکی و کورد بە گژ یەکدی کردنیان داوە تا کورد بە کوردەوە خەریك بکەن و خەتەر لە سەر خۆیان لابەرن ئەوەتا ئێستاش داگیرکەران لەرێی بەکرێ گیراوانیانەوە ئاگری شەرە کوردی عیراقی و ئێرانی خۆش دەکەن .

ئەوجا شەرە هەولێری و سلێمانی و کۆیی دەنێنەوە تاوای لێ دێت شەرە گەرەکەکەی جارانیش بهێننەوە گۆڕێ و کوردێك بە کوردێکەوە نە لکێت .

با چاك بە مۆخی پووچی ( صدام و هەموو داگیرکەرانی کوردستان ) دا بچێتە خوارێ، کە هەموو کوردپەروەرانی سلەیمانی خۆیان دەکەنە قوربانی تاکە یەك هەولێری ی کورد پەرست و نیشتمان پەروەر، هەموو کورد پەروەرانی عیراق خۆیان دەکەنە قوربانی تاکە یەك کوردپەروەری ئێرانی و تورکی و سوری .

کوردپەروەران لە هەموو بستێکی کوردستانی مەزن دا براو دۆستی گیانی بەگیانی یەکترین و دوژمنی سەرسەختی هەموو خۆفرۆشێکن جا ئیتر هەرکوێیی دەبێت با ببێت . چاکیش دەزانین ئەو دەنگانە لە کوێوە بە بادەدرێن و سەرچاوەیان کوێیە بۆیە بە دەنگی زوڵاڵی کوردانە کپیان دەکەین .

نص الكلمة التى قراها مندوب منظمتنا عند افتتاح المؤتمر السنوى الرابع لمنظمة الطلبة العراقيين الديمقراطيين فى السويد والمنعقد بتاريخ ٢٧/٣/١٩٨٢ .

ايها الزملاء الاعزاء

نشكركم ايها الاخوة ، اعضاء ومؤيدى اللجنة التنفيذية لمنظمة الطلبة العراقيين فى السويد على دعوتكم الكريمة ونتمنى لكم ولمؤتمركم السنوى الرابع النجاح والفلاح لما فيه خير شعبينا المناضلين العربى و الكردى وسائر الشعوب المكافحة ضد الاستعمار والعنصرية و الرجعية .

ان جمعيتنا ، جمعية الطلبة الاشتراكيين الاكراد SOKSE جمعية فتية تأسست فى العام الماضى ، إلاّ انها تمكنت ان تجمع تحت لوائها وفى فترة قصيرة نسبياً ، عدداً غفيراً من الطلبة والعمال الاكراد فى اوروبا وان تؤسس فروعا لها فى مختلف الاقطار الاوروبية . و يرجع الفضل فى ذلك حسب رأينا ، الى اننا نقول ما نؤمن به ونفعل ما نقول دون زيادة او نقصان . إنّ منظمتنا لم تحمل لواء الاشتراكية والتقدمية والانسانية لتضلل بها الناس او تخدع بها ذوى النفوس الطيبة ، لاننا نعلم علم اليقين بأن الجماهير لا يمكن ان تخدع إلى النهاية بشعارات براقة وادعاءات فارغة بل تكسب خلال العمل المثمر الدؤوب . إنّ الجماهير تملك قدره فائقة للتميز بين الغث و السمين وبين الاقوال والافعال . اننا نؤمن بان قضية الانسان الكردى المضطَهَد جزء لا يتجزء

من قضية الانسان المضطهَد في كل مكان من الدنيا ، لا يمكن ان تنفصل عنها بأي حال من الاحوال ، فالكادحون اخوة على اختلاف قومياتهم و انتماءاتهم الجنسية و الوطنية وكذلك المستعمرون و الغاصبون اخوة . فمهما تباينت جنسياتهم و مصالحهم الموقوتة ، فانهم سيتحدون سرعان ما وجدوا المضطهدين يتحركون لنيل حقوقهم . اذاً فمن الواجب ان يتحد الكادحون من ابناء الشعوب العربية و الفارسية و التركية مع كادحي ابناء الشعب الكردي الذي يعاني من وطئة الاضطهاد المزدوج ،الاضطهاد القومي والاضطهاد الاجتماعي ، ضد الرجعيات العربية و التركية و الفارسية. وانسياباً من هذه الفكرة ، ايها الاخوة ، فأن منظمتنا تؤيد الكفاح العادل لكل الشعوب المضطهدة والمحرومة من الكيان السياسي وفي مقدمتها شعب فلسطين وشعب البلوج والشعب الاذربيجاني و الشعب الاديناني و شعب اريتريا وشعب الباسك و الشعب الارمني وسائر الشعوب المهددة بالفناء .

ايها الاخوة ايها الزملاء !

ان منظمتنا منظمة طلابية تلم في صفوفها الطلبة وكذلك العمال الاكراد القاطنين في اوروبا من الذين يؤمنون بالنهج الاشتراكي والمبادئ الانسانية لمنظمتنا وهي تستقي فكرتها من مبادئ الاشتراكية الكردية التي تحمل رايتها الحزب الاشتراكي الكردي ( پاسوك ) .انّ من مبادئ منظمتنا هو الايمان بان القضايا القومية لا يمكن فصلها عن القضايا الاجتماعية وبتحديد اخر هو ان الامة لا يمكن ان تصبح امة متجانسة الا بعد ان تتخلوا من وجود الطبقات الاجتماعية . إنّ الشعب الموّحد المتجانس هو الشعب الذي يخلوا من الطبقات .

ايها الزملاء !

ان رفاقنا فى كردستان لا يعانون فقط من ظلم و اضطهاد الرجعيات العربية و التركية و الفارسية . بل وكذلك من ظلم وغدر و خسة فلول المرتزقة من الاكراد ، الذين يدعون التقدمية والديمقراطية واكثر منهما، ولكنهم يعملون فى الوقت نفسه مع الفاشية العراقية مثلاً لهدر دماء البيشمركة الاشتراكيين . اننا ندعوكم ايها الاخوة لفضح هؤلاء الزعانف والمرتزقة ورصّ صفوفكم لدعم نضال الشعب الكردى و ثقوا ايها الاخوة بان انتصار الشعب الكردى هو انتصار للديمقراطيين العرب و الترك والفرس و للقوى التقدمية العراقية و الايرانية والتركية و السورية و هو دعم لنضال الكادحين و المضطهدين فى سائر ارجاء الدنيا .

وفى الختام نرجوا لكم النجاح و التوفيق و دمتم للنضال .

منظمة الطلبة الاشتراكيين الاكراد

فى اوروبا

SOKSE

هەولێنامەی کتێب

فيما يلى هدية منظمتنا بمناسبة اعياد الميلاد ورأس السنة المجيدتين الى السكرتير العام لهيئة الامم المتحدة . وجمعية حقوق الانسان فى الامم المتحدة ، وقد قدمنا المذكرة باللغة الانكليزية وهذه هى ترجمتها بالعربية .

السيد السكرتير العام لهيئة الامم المتحدة المحترم

الساده اعضاء لجنة حقوق الانسان فى الامم المتحدة

المحترمون

تحية البؤس والشقاء .. وما يملك المضطهد غير الشقاء والبؤس لتقديمه ...

فاسمحوا لنا ان نقدم لكم مشهدا من مسرحية مأساوية لامة نساها العالم او تناساها !!

هنا وفى قلب اسيا تعيش امة منذ عشرات الالوف من السنين مضطهداً ، محتلاً ترزح تحت نير الظلم والاستبداد تكابد شتى انواع السحق والمهانة ، لسبب بسيط انها لا تريد ولا تسمح بمحو وجودها على ارضها الطيبة ... فكنا عرضة لسنابل خيول الاكديين ، وللآن ينتصب على ارضنا نصب المحتل ( نارام سين) دليلا على جور المحتلين وصمود شعبنا الابى ... و بعدها حاول (آشور بانيبال) تركيع شعبنا ولكن أبينا ... وبعده جرف (اسكندر المقدونى ) كل شىء غير وطننا ، فوقفنا بوجهه وقوف الابطال ... وبعده يشهد ( گزنفون) بنفسه بدفاعنا وتضحياتنا فى سبيل حريتنا ... وجاءوا اباطرة الهخامنشيين والفرس الاخرى واحتلوا كردستان اكثر من عشرة قرون وعملوا السيف ومعاول

الهدم و الدمار بين شعبنا ، فصمدنا ... الى ان جاء الاسلام وعمل السيف بين صفوف شعبنا فى عهد الدولتين الاموية و العباسية وقدمنا خيرة ابناء شعبنا على مذبح الحرية . وبعدهم جاء ال عثمان وامبراطوريتهم المشوءمة والتى دامت قرابة خمسة قرون فكان نصيب شعبنا الكردى فى القتل والموت جوعا حصة الاسد بين كل الشعوب الرازخة تحت نيرهم الظالم . الى ان شب نيران الحرب العالمية الاولى فاستبشرنا بالمولود الجديد والعهد الجديد ولا سيما بعد اعلان جبهة الحلفاء احترام ارادة الامم و اطلاق الحريات الانسانية . وكان مبادئ ( نيلسون ) الاربعة عشرة المشهورة و التى جاءت فى احدى مواده ( منح حق تقرير المصير للامم و الشعوب المضطهدة بعد انتهاء الحرب ولا سيما امم امبراطوريتى النمسا و العثمانية ) ، فرفعنا بدورنا مظالمنا امام انظار ( عصبة الامم ) و العالم المتمدن . و فى سنة ١٩١٧ قدم الوفد الكردى بقيادة الجنرال شريف باشا مذكرة مشتركة مع اخوتنا الارمن الى عصبة الامم مطالبين فيها حقنا المشروع فى تقرير مصيرنا بانفسنا ... وقد تكلل جهودنا فى البداية بنجاح عندما اعلن فى موءتمر سيفر ١٩٢٠ المبرمة بين الدولة العثمانية و الحلفاء بفسح المجال لامتنا بتقرير مصيره كما جاء فى المواد ( ٦١،٦٢،٦٣،٦٤ ) ولكن سرعان ما التف علينا بعد ظهور تركيا الكمالية وعند عقد موءتمر او موءامرة ( لوزان ) فى سنة ١٩٢٣ على اشلاء الحق الكردى . فغمطوا حقنا و قسموا كردستان بين اربعة كيانات محتلة و الحقونا قسرا بكيانات لا تمت لهم بصلة غير صلة الظالم بالمظلوم !! فقدمنا التماسات ومذكرات و احتجاجات الى المقامات الدولية و ( ما يسمى بالانسانية ) ولم نتلق غير الصمت المطبق ... وعندها عرفنا

بان الحضارة المادية الاوروبية و مدنية الرجل الابيض ليس الا طلاء مبرقعاً وتختفي تحته وجه الاستعمار البشع ... وعندها قمنا بثورات وانتفاضات لكي نثبت للعالم و للمستعمرين و الغاصبين حقنا في الحياة .

ففي كردستان الملحق قسرا بالعراق وتحت وعود معسولة وكاذبة قام البطل القومي الخالد ( شيخ محمود الحفيد ) باعلان استقلال كردستان الجنوبيه ، ولكن شراسة الاستعمار البريطاني وصل حد لم يشهد الحرب العالمية الاولى نظيرا لها عندما قصف مدينة السليمانية الامنة و ضرب الاهداف المدنية في المنطقة ... فاخمدت الثورة موقتا ... سرعان ما بدأ مرة اخرى في سنة ١٩٢١ مسجلا اروع ايات التضحية و البطولة الى ان اسر قائد الثورة و حكم عليه بالاعدام، وخوفا من نقمة الجماهير استبدل الحكم بالمؤبد والنفي من الوطن ... وفجأة فجرت ثورة اخرى في بارزان الدامية سنة ١٩٣١ فقامت الطائرات العراقية و البريطانية بحرق كافة القرى في المنطقة و شرد الاف العوائل الى المناطق المجاورة في تركيا وبعد العفو العام الصادر عن الحكومة عاد الثوار الى عرينهم منتظرين فرصة اخرى ولكن استبعدوا جماعيا الى جنوب العراق تحت ظروف معيشية صعبة جداً لمدة اربعة سنوات وسبعة اخرى الى منطقة السليمانية . وفي اول فرصة سانحة اندلعت نيران ثورة اخرى في سنة ١٩٤٢ بمساعدة الاعضاء ومؤيدي حزب هيوا الكردية . مرة اخرى تحركت عجلة الموت وسحقت الثوره فالتجأ الثوار مع الاف العوائل الى الجبال والوهدان الى ان اعلن الثورة في كردستان الايرانية وتشكيل اول جمهوريه كردية في مهاباد سنه ١٩٤٥ ... ودار الزمن دورة واحدة عندما استطاع رئيس وزراء ايران ( قوام السلطنة ) اقناع السوفيات بسحب

تأييدهم وقطع المساعدات عن الكرد والاذربيجانيين لقاء بعض الامتيازات النفطية ... عندها تكالب جيش طهران البهلوى والامريكان لسحق الجمهورية الكردية واعدام رئيسها الشهيد (قاضي محمد) وكوكبة اخرى من ابناء شعبنا البررة .

وفي كردستان الملحقة بتركيا قاد القائد الكردى المشهور (شيخ سعيد بيران) بعد مؤامرة لوزان وفي سنه ١٩٢٥ ثورة متاججة ضد الطاغية مصطفى كمال وطورانيته الممقوتة ... عندما اخمدت الثورة وابعدت اكثر من مليون كردى الى اواسط اناضول وشتتوا في بحر الاتراك بنسبة ٥٪ لكل منطقة سكنية ، ومنع التزيي بالزى الكردى والتكلم باللغة الكردية وتلفظ الكلمتان المقدستان (الكرد والكردستان) تحت طائلة القوانين الهمجية الغادرة ... فثار شعبنا مرة اخرى في (اگرى داغ) سنه ١٩٢٧ وتقدر الخسائر التي منيت بها شعبنا باكثر من مليون كردى في ثورتيها الاخيرتين وكان اكثرهم من الاطفال والشيوخ والنساء وبمساعدات قوى اجنبية تدعى التقدمية وما هو بمكشوف الهوية كفرنسا وانكلترا . ومحاربة شعبنا الابى دام في ظل الحكومات المتعاقبة وتدوم لحد الان بابشع صورها تحت نير الحكم الغاشي العسكرى وهي ليست بخافية عليكم .

وثورات وانتفاضات شعبنا الكردى في ايران بدأ بثورة اللور بقيادة البطلة الشهيدة (قدم خير) و(سمكو) و(شيخ عبيد الله الشمزيني) وانتهاء بجمهورية مهاباد الانف الذكر بقيادة الشهيد (قاضي محمد) والثورة المندلعة الان ضد جهلة قرون الوسطى لهو دليل ساطع على تصميم شعبنا وامتنا على مواصلة النضال مهما كلف الامر حتى (الاستقلال التام)

والحصول على حقه فى تقرير مصيره بنفسه .

هذا و شارك الشعب الكردى فى سوريا الشعب السورى فى نضاله لطرد الاستعمار الفرنسى كما شاركه من قبل فى طرد الاستعمار التركى ، وعلى امل التفهم الاخوى من الشعب السورى للحقوق القوميه المشروعة للشعب الكردى. فعملت الحكومات المتعاقبه على التخطيط لسحق الشعب الكردى وصهره غصبا او اجلاءه عن ارض وطنه واسكان العرب مكانهم ، وسحب الجنسيه عن مائة الف كردى حسب سياسة التميز العنصرى السئ الصيت ( حزام العربى ) السارية المفعول لحد الان .

وفى كردستان الملحقة قسرا بالعراق اندلعت ثوره اخرى فى ايلول ١٩٦١ فثار شعبنا وجابه طائرات الميك واحدث ادواة الموت والدمار بعزيمة لا تلين ، ففرق كردستان فى بحر من الدماء فحرقوا مسعورين اكثر من ٨٥٪ من كل القرى الكردستانية .. و قد تهاوننا مع حكومات متعاقبة للاطمئنان واثبات الحقيقة الساطعة المتسترة بان شعبنا الكردى لا يطالب باكثر من ان يعامل معاملة يليق بانسان القرن العشرين ، معاملة يحفظ كرامته وكيانه ووجوده ... اننا لا نطالب باكثر ما يقره جميع دساتير العالم والمواثيق الدولية ( بحق كل الامم و الشعوب لتقرير مصيره بنفسه ) ، الجريمة التى يقتل الكردى من جرائها و يحرق بيته و لكم فاهه !! الكردية اصبح فى هذا العالم الطابق بالدم و النجاسة جريمة لاتغتفر .. ماذا نعمل والخلق اوالطبيعه خلقنا كـ(كرد) ؟ وما هو جريمتنا يا احرار العالم ؟؟

ولكن الحكومات الشوفينية المتعصبة الدموية المتعاقبة وفى كل مرة لا يفى بوعوده بل يستغل الهدنة لتجميع شتاته وضربنا مرة اخرى ، الى ان رضخ

البعث فى ١١ اذار ١٩٧٠ حسب اتفاقية سميت بنفس الاسم بمنح شعبنا الكردى ( الحكم الذاتى ) فى اطار العراق . وان كان الحكم الذاتى ادنى مايمكن الاتفاق عليه وهو حتما الخطوة الاولى فى درب ممارسة حقنا فى تقرير مصيرنا بانفسنا . . . رضينا و قمنا بكل ما يترتب على الانسان الشهم من التزامات . ولم يمر سنة واحدة على الاتفاق الماز الذكر عندما قام التكارتة المنصريون بطرد عشرات الالوف من الكرد الفيليين بحجة انحدارهم من اصول ايرانية فى الوقت الذى كان ولم يزل ابواب العراق مفتوحة لكل عربى للتمتع بالجنسية العراقية ، حيث يجرى استيراد الاف من الفلاحين المصريين . وحتى اكثر المسؤولين العراقيين ما كانوا عراقيين ، فامين العام حزبهم الفاشى ( ميشيل عفلق ) وسكرتيره العتيد ( شبلى العيسمى ) و اكثرية اعضاء قيادتهم اللاقومية غير عراقيين ، بل كثير من السفارات و المناصب الحساسة كان بيد عرب غير عراقيين . ان ممارسة هذا التميز المنصرى البشع تحت برقع التقدمية و الاشتراكية وتحت انظار العالم الحر و الاشتراكى و فى ضوء النهار وعلى مسمع ومرئى الامم المتحدة و القوى و الاحزاب الوطنية والتقدمية المحلية والعالمية لهى جريمة و دليل على هجران المبدئية و حقوق الانسان وكل ادعاء بهذه الخصوص باطل بطلان الفلسفة البعثية المنصرية . و فى غمره تفاؤل شعبنا قام جلاوزة بغداد بجريمتهم الدنيئة بتهجير الاف القرى فى مناطق ( كركوك وخانقين وسنجار و مندلى وشيخان ) واسكان العناصر العربية فى اماكنهم ، فسكتنا على المضض عسى ولعل يرجعون عن غيهم ، و فجأة و فى الموعد المحدد لاعلان الحكم الذاتى عاود البعث هجومه الشرس على شعبنا الامن و على كل الجبهات ، ولشراسة البعث نذكر بانهم استخدموا فى حملة ( سهل اربيل ) اربعمائه دبابة

و كان فى حوض رواندوز تدك شعبنا الاعزل بـ ( ثمانية عشرة ) كتيبة مدفعية فى الوقت الذى قد استخدم فى معركة العلمين عشرة كتائب مدفعية والتى تذكر بانها كانت اكبر معركة بالمدفعية فى تاريخ الحرب العالمية الثانية و شردت اكثر من مليون كردى الى ايران و تركيا وقامت الطائرات العراقية من نوع ( سوخوى و ميك ٢١ و ٢٣ وتوبوليف ت٢٢ ) تكاتفا مع احدث ما انتجته التكنولوجيا الحربية بقصف المدن الامنة كـ ( قلعەدزه ) التى راحت ضحيتها اكثر من ( ١٥٠ ) اعزلا بينهم ثلاثون من طلاب الجامعات ، وكذلك قصبة ( حلبجة ) و ( گلاله ) الاهلتين بالسكان المدنيين ناهيك عن حرق اكثر القرى و القصبات الممتدة شمال محافظات السليمانية و اربيل و دهوك .

و قام باعدام الالوف من ابناء شعبنا و اعتقال عشرات الالوف الاخرى و ابعاد كل كردى لا يرضخ لمشيئتهم الدنيئة . و للتاريخ ان اول امرأة تصعد المشنقة العراقية كانت الطالبة الجامعية الكردية ( ليلى قاسم ) مع كوكبة من رفاقها الجامعيين ، ليس لجرم اقترفوها غير احتقارهم للبعث والبعثيين و عدم الرضوخ لمشيئتهم المجرمة .

فكان اتون الحرب يحرق اليابس والاخضر و لاظهار شراسة البعث وعنجهيتهم العسكرية ومدى تجاوزات قوات الاحتلال و المرتزقة والمجازر البشرية فى تلك السنة نذكر بان خسائر القوات المسلحة العراقية الغازية و مرتزقتها المأجورين حسب تصريح فرعون العراق ( صدام التكريتى ) تقدر بـ ( ٦٠ ) ستون الف بين قتيل وجريح . . فنترك تقدير خسائر شعبنا الاعزل لضمائركم و ضمير التاريخ . فكاد عرش بغداد ان يهدم على رؤوسهم المجرمة فهرع صدام الى الشاه و سيده امريكا راكعا خاشعا ذليلا مستسلما ، فنسجت فى الجزائر فى ٦ اذار ١٩٧٥ اتفاقية الخيانة

و المآلة ( اتفاقية الجزائر المشؤومة ) على مسمع و مرأى العالم اجمع ولم ينبس العالم ببنت شفة امام اكبر جريمة بحق شعب آمن مسالم لم فى التاريخ ... ولكن هل استسلمنا للواقع ؟ كلا ..

فقد ثرنا مرة اخرى فى اقل من سنة متحدين البعثيين الذين قاموا بتشريد نصف مليون كردى الى جنوب العراق وتهجير مئات الالوف من العوائل الفلاحية الكادحة و زجهم فى مستوطنات مقبورة و التى تفتقر الى ابسط مقومات العيش الصحى ، وحرقوا الاف القرى فى المنطقة المحرمة والتى تقدر بعمق ( ٢٠-٢٥) كيلومتر على الحدود العراقية الايرانية العراقية التركية ـ العراقية السورية ... و زج الاف المناضلين فى سجون (ابى غريب) و (الموصل) و (الحلة) بعد محاكمات صورية باسم المحاكم الخاصة او ( المهازل الخاصة) فى مدينة كركوك الجريحة و بغداد الدامية ، و علقوا مئات من المناضلين و رفضوا حتى تسليم جثثهم الى ذويهم .

و اعتقلوا مئات من عوائل ( البيشمركة ) من اطفال و شيوخ و نساء و زجهم فى سجون الناصرية والرمادى و قلعة سكر وعفج وغيرها .

واليوم ومحتلى كردستان ماضون على نهجهم لخنق شعبنا الكردى ونحن مصممون على كردستان او الموت اما نعيش احرارا او نموت رافعى الراس .

لذا نناشد ضمائركم الحية بمساعدة شعبنا الكردى و رفع صوتكم بوجه الظلم و الاضطهاد ، انقذوا شعبا قوامه خمسة و عشرون مليون يجابه الابادة بطرق ميكافيلية قذرة ... نحن كبشر نعيش على هذه الارض نشاركم فى شئ على اقل تقدير وهو كوننا ( بشر ) و الانسانية مسؤولة امام الصمت المطبق تجاه تلك الجرائم .. نحن

نعلم بان رائحة النفط زكية ولكن ليس لحد السكوت على ذبح شعب وانتهاك كل الاعراف والقيم الدولية والانسانية والشرائع السماوية وغيرها ... نحن نعلم بان المصالح الاقتصادية شيء لا يستهان بها ولكن ليس لحد غض العيون تجاه اكبر جريمة في التاريخ ... ونحن نعلم بان المصالح الماديه لها اعتبارات و لكن ليس لحد ضرب المبادئ الانسانية و الاخلاقية والمسؤوليات الادبية تجاه الشعوب والامم المضطهدة عرض الحائط .

نستصرخ ضمائركم ونشهد التاريخ على استغاثتنا بأن تعملوا كل ما يمكن عمله لوقف الجرائم ومساعدة شعبنا المنكوب في محنته مساعدات ادبية و معنوية و مادية ...ان الاف من اطفال و شيخ و نساء كردستان يموتون جوعا او من جراء امراض متفشية لعدم وجود العناية الطبية .

والسلام عليكم

منظمة الطلبة الاشتراكيين الاكراد

في اوروبا

( سوكسه )

١٩٨٢/١٢/٢٠



كتێب

# کەوی بنار

ئێمەش پەنجەکانمان مۆمی ڕووناك کەرەوەی ژوورە یەك لەناو یەکەکانی عەشقە، دەمارەکانمان شووشەی مەرەکەبە و لاپەڕەیەکی هەرە پیرۆزی عەشقە کۆچەرییەکانی پێ دەنووسینەوە ... بەڵام سەرسام مەبە ئەگەر بڵێم ، تانەم لێ مەدە گەر بڵێم ڕەنگە دایکمان گەواڵە هەورێکی ڕەوەند بێ و لە کلکەی ئاسمانێکی بێ سنووردا تووشی کەڵە پیاوی چەخماخە هاتووە و دڵبەندی بووە ... جڵەوی ئارەزووی لە دەست بەر بووە و لە ڕەشەبەڵەکی گەرداو و ڕەشەبادا ئێمەیان چاندووە .. گەورە بووین .. ملی ڕێگەمان بە گەردانەی هەنگاو ڕازاندەوە .. کەوتین .. هەستاینەوە .. کەوتین .. هەستاینەوە .. هەورازی ژیان ڕاو دەکەین کەچی تا ئێستاش نشێوێ هەر پارێزی لێ گرتووین .. دەمێ ڕاوچی و تاوێ نێچیرین . گرنگ هەوارە بەرزەی خەم زۆر چاك دەناسین .. قەتارەی قورینگانی گەرمیانی هەستمان لە کوێستانی چاوە پیرۆزەکەدا لا دەدەن و دەپرسن ئێمە کێین ؟ دەبێ چ بین ؟ چ نهێنییەکمان پێ یە ؟ قامچی زمانە هەراشەکان بۆ گیانی ناسینمان شل کوت دەکەن ؟ بۆ دەستە چەپەڵەکان لە تەوافی جوانیدا بەردبارانمان دەکەن ؟ هەرخۆیان لە لانەی وەڵامدا گیانی خۆناسین دەخورێنن، سەرمان لە پەڕەی هەوری خۆناسین دەسووین و لە گۆڕەپانی مرۆڤایەتی دا باسکی خۆشەویستی لە قەدی حەزە پیرۆزەکەمان دەئاڵێنین و پڕ بەدەم بانگ دەکەین : ئێمەش کەوی بنارێکین دەنگ و ڕەنگی خۆمان هەیە .........

# لەم ژمارەیەدا

لاپەرە


١ـ سەر ووتار ........................ ١ـ ٥
٢ـ تریفەی ووشە ........................ ٦ـ١٣
٣ـ لە یادی شێرەکەی بێشەی "بێ شێ"دا ........ ١٤ـ١٨
٤ـ هەڵوێست ........................ ١٩ـ٢٣
٥ـ کۆچی دوایی مامۆستا عەبدوڵڵا جەوهەر ........ ٢٤ـ٢٥
٦ـ کوردستانێکی ئازاد یا فشە ئۆتۆنۆمیەک ؟ ...... ٢٦ـ٣٤
٧ـ هەواڵی نیشتمان شیعری مامۆستا هاوار ... ٣٥ـ٣٦
٨ـ بە یادی شەهید کاکە ( فەتاح )ەوە ........... ٣٧ـ٣٨
٩ـ نەورۆز ........................ ٣٩ـ٤١
١٠ـ هەباسە لە عیراق دا چ باسە؟ ........ ٤٢ـ٤٤
١١ـ گوتار ........................ ٤٥ـ٤٧
١٢ـ تۆمار ........................ ٤٨ـ٥٦
١٣ـ کەوی بنار ........................ ٥٧


هەواڵنامەی کتێب




ئەی تیمثالەکەی رەمزی ئیستعمار
مەشعەلی دەستت دونیا سووتێنە

دالدەی خوێن مژی گەلانی هەژار
ئیستعمار تینووی فرمێسک وخوێنە